# شێخ مارف بەرزنجی و چیرۆك

پ.ی.د.علي طاهر حسين
زانكۆی سلێمانی – كۆلێجی زمان

م.ی.بێستون عادل علی
زانكۆی كەركوك- كۆلێجی پەروەردە

ملخص البحث

هذه الدراسة تحت عنوان (شيخ مارف البرزنجي والقصة) تتالف مقدمة من وفصلين وخاتمة وملحق وقائمة المصادر والملخص بالغتين العربية والانجليزية :
الفصل الأول يتناول الشيخ مارف وكتاباته للقصة مبيناً مفهوم السرد ، واجب السرد وانواع السرد اضافة الى اساليب السرد، بينما الفصل الثاني يتناول ادوات السرد في قصص الشيخ مارف البرزنجي مثل الوصف و والحادثه والمنلوج .الذي يتكون من المنلوج الداخلي المباشر والمنلوج الداخلي غير المباشر وتيار الوعي .

## پێشەكی :

**شێخ مارف بەرزنجی یەكێكە لە كەسە خۆڕاگرەكانی سەردەمی خۆی، بەشدارییەكی كاریگەری لە دەوڵەمەندكردنی ئەدەبیاتی كوردیدا هەبووە ، لە هەمانكاتیشدا كەسێكی كاریگەری گۆڕەپانی سیاسی بووەو لەو پێناوەدا گیانی خۆی بەخشی . لەبواری ئەدەبدا، خۆی لەتەنیا ژانرێكی ئەدەبیدا بەند نەكردووە، بەڵكو پەلیهاویشتووە بۆ زۆربەی ڕەگەزە ئەدەبییەكان ، بەڵام لەهەندێ ڕەگەزی ئەدەبیدا شێخ مارف ڕێچكەیەكی جیاوازی لە هەڵبژاردنی بابەتدا دیاری كردووە . لەشێوازی چیرۆكەكانیدا ، خاوەن شێوازێكی تایبەتی خۆی بووەو ، بڕوای تەواوی بە ڕێبازی ریالیستی هەبووە و ناوەڕۆكی چیرۆكەكانیشی لە بەسەرهات و ڕووداوە خۆماڵییەكان هەڵهێنجاوە . شێخ مارف وەك ڕەخنەگریش ، كۆمەڵێك توێژینەوەی ئەدەبی هەبووە ، زۆربەی بۆچوونە ڕەخنەییەكانی دەچێتە خانەی ڕەخنەی ڕەخنەوە ، واتە ڕەخنەگرتنە لە پرۆسەی ڕەخنەیی پراكتیزە كراوی كەسانی تر و ، هەوڵدان بۆ چاككردنەوەی بۆچوونی ڕەخنەی هەڵە ، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژنامەنووسێكی سەركەوتوو بووەو ، گۆڤارەكوردییەكانی ئەو سەردەمە گەواهی بۆ دەدەن .**

**لە توێژینەوەكەماندا پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی و شیكاریمان كردووە .**

**توێژینەوەكەمان ، لە دوو بەش ، لەگەڵ لیستی سەرچاوەكان و ، پوختەیەك بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی پێكهاتووە .**

## بەشی یەكەم

### شێخ مارف بەرزنجی و چیرۆك:

**چیرۆك وەك ژانرێكی ئـەدەبی دەتوانین لە چەندین لایەنەوە توێژینەوە لە بارەیەوە بكەین و كار لە سەر بونیاد و ناواخنی بكرێت، بۆیە سەرهەڵدانی چیرۆكی هونەری لە ئەدەبی كوردیدا یەكێكە لە دیاردە هەرگرنگەكان، كە دەبێ لە مێژووی ئەدەبی هاوچەرخدا گرنگی و بایەخێكی تەواوو تایبەتی پێ بدرێت وەك هونەرێكی ئەدەبیی نوێ، كە هاتە نێو ئەدەبی كوردیەوە. چونكە بابەتێكی ئەدەبی تازەی بێگانەیەو لە بنەڕەتدا (( هونەرێكی ئـەوروپاییە پێویستی ژیان وای كردووە وەك ڕۆخسارێكی هونەری لە ناو هەموو نەتەوەكانی جیهانیدا بلاَوبێتەوە ))[١] پـەیدابوونی چیرۆكی هونەری بە شێوەیەك لە شێوەكان زیاتر بەندە بە گیانی شارستانیەت و بلاَوبوونەوەی زانست و خوێندن و خوێندەواری و هەروەها بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری كۆمەڵەوە،بۆیە كۆمەڵگای كوردەواریش وەك هەموو كۆمەڵگاكانی تر ئەو بوارەی بۆ ڕەخسا تا چیرۆكی هونەری وەك هونەرێكی تازە لە ئەدەبی كوردی سەرهەڵبدا. ئاشكراشە هەموو داهێنان و هونەرێكی نوێ، كە سەرەتا سەرهەڵدەدات بە شێوەیەكی**

سادەو ساکار دەست پیْ دەکات. چیرۆکی هونەریی کوردیش ســــەرەتا بە شێوەیەکی سادەو ساکارو قۆناغ بە قۆناغ دەستی بە نەشونماکردن و گەشەکردن کرد. دەبێت ئەویش لە یاد نەکەین کە ئەو سەرەتایە سادەو ساکارە نەبێت ئەوەی ئەمڕۆ هەیە نەدەبوو. بۆیە چیرۆکی هونەری بە شێوەیەکی گشتی و بە بۆچوونی زۆربەی زۆری ئـەو خاوەن ڕایانەی ئەم هونەرەو لەگەڵ ئەو چوارچێوەو بناغە ڕاستییەی کە بۆی دیـاری کراوە لـە دوای کـۆتـایی سـەدەکانی ناوەراستو سـەرهەڵدانی ئـەنـدێـشـەی پـێـشـکـەوتـوو دەست پـێـکـردنی سـەرەتـای قۆناغی بـــەرەو پێشچـــوونی ئەوروپا لە ئەدەبی

کوردیش وەك زۆر دیاردەی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی هاتووتە ئاراوە و دوای ماوەیەکی دوورو درێژ لە درێژەی ڕەوتی بەرەو پێشچوونی خۆیدا بۆ زۆر ناوچەی دنیا پەلی هاویشتووەو جیهانی گرتووە بە شێوەیەك، کە ئەمڕۆ دەبیینین بە یەکێك لە سەرکەوتووترین ژانرە هونەری و ئەدەبییەکانی دونیا دەناسرێت، بە شێوەیەك کە لە ماوەی سەدەیەك کەمتر چیرۆك گەشەی کردووە و زۆر نووسەری گەورە کاریان کردووە کەم تا زۆر بەهرەو بەرهەمەکانیان پێشکەش بە جیهانی ئەدەبی کردووە. بۆیە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی سەدەی نۆزدە ئەوە دەبینین بە دەیان نووسەری گەورە لە بواری چیرۆکدا هاتنە مەیدانی چیرۆکنووسین و زۆر بەرهەم و شاکاری بە نرخیان پێشکەش بە جیهانی ئەدەب کردووە . بۆیە ئەگەر بەراوردێکی کورتی چیرۆکی سەردەم لەگەڵ ئاستی چیرۆکی کوردیدا بکەین، ئەگەر چی ئەوە دەبینین کە گەلی کورد خاوەنی گە نجینەی زۆر بە نرخی بە پیت و باو و فۆلکلۆرو تراژیدی و دەیان کەرەستەی پێویستی بۆ خولقاندووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەیان هۆکاری ژیان و گوزەران و چۆنیەتی هەڵکەوتوویی و مێژووی ژیان هۆکاری ڕامیاری و دواکەوتووی فەرهەنگی و زانستی ئەم گەلە هەر یەکەیان بە نۆبەی خۆی ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ژیانی چیرۆکی کوردیدا بووە. ئەگەر سەرەتای چیرۆکی کوردی لە وڵاتی ئێمەدا بگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەش ئێستا بە چاو ئەو ماوەیەی کە چیرۆکنووسی بەردەوام کەم تا زۆر لە تەقەلادا بووە و شاکارەکانی دنیاش باشترین ئیلهام و سەرچاوەی شارەزابوون لە ڕادەی زانستی گەلانی خوا پێداو بوون بەو حاڵەش لە چاو ئاستی چیرۆکی سەردەمەوە بە داخەوە دەبێت ئەوە بڵێین کە ئێمە هێشتا لە سەرەتاکانی ڕێگەی ئاڵۆزی چیرۆکیشدا نین .

شێخ مارفیش سەربارى هەوڵ و تەقەلای لە بواری ئەدەب بە گشتی و جێی پە نجەی لە بواری چیرۆکنووسیندا دیارە و لەم ڕووەوە چەندین چیرۆکی جوان و هونەری نووسیوە. تەکنیك و شێوازی خۆی تێدا بەرجەستە کردووە،(( سەرەتای هەوڵدانی هەوڵی شێخ مارف لە بواری چیرۆکنووسیندا دەگەڕێتەوە بۆ پە نجاکانی سەدەی ڕابردوو، بەدیاریکراویش بۆ دەرچوونی گۆڤاری ( شەفەق ) لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٥٨، دەروازەیەکی روناکتری بۆ کراوەتەوە بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی و خۆخەریککردنی سەر و مڕ بۆ ئەم هــونەرە کــە خـاوەنی شـێوازێکی تـایبـەتی بووە )) [٢].

چیرۆکەکانی مارف بەرزنجی ڕەنگدانەوەی واقعی ژیانی خەڵك بووە هەوڵی هۆشیارکردنەوەو ڕەخساندنی زەمینەیەکـی دیمــوکراسی داوە، لــەلایەکی ترەوە توانای نووسەر بۆ چـیرۆکنووسین و دیاریکردنی دەردە

کۆمەڵایەتییەکان دەوری دەرەبەگ و ئاغا لە چەوساندنەوەی گوندنشینەکاندا دەر دەکەوێت .ئەم چیرۆکنووسە لە بەرهەمەکانیدا خاوەن شێوازێکی تایبەتە و ناوەڕۆکی چیرۆکەکانیشی هەڵقولاو وابەستەی بەسەرهات و ڕووداوی خۆماڵی کۆمەڵانی خەڵك و واقیعە کوردەوارییەکەیە .

ئەو هۆکارانەیش کە یارمەتیدەر بوون بۆ ئەوەی شێخ مارف چیرۆك بنووسێت وەك خۆی دەڵێت: (( لە ساڵی ١٩٤٧ بەدواوە تەقەللای چیرۆك نووسینم داوە، بەڵام تا ساڵی ١٩٥٧ شتێکی ئەوتۆم لە فەننی چیرۆك نەدەزانی، بە هۆی گۆڤاری ( شەفەق ) ەوە ماوەی ئەوەم بوو کە زۆرتر خوو بدەمە نووسین، لە سەرەتاوە مامۆستا عەبدلسەمەد خانەقاو کەمێك مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد یارمەتی یان دام، بە تایبەتی لە نووسینی چیرۆکی ( ئاوازو کەباب ) دا کە لە شەفەق دا بڵاوکرایەوە. پاش ئەوە دەستم کرد بە خوێندنەوە لەسەر فەننی چیرۆك نووسین و چیم دەست کەوت لە سەر چیرۆك خوێندمەوە )) [٣] .

ئەو کتێبانەی، کە شێخ مارف سوودی لیْ بینیوە لە هونەری چیرۆکنووسیندا وەك خۆی ئاماژەی بۆ کردووەو دەڵێت: (( زۆر کەڵکم لە کتێبەکەی دکتۆر محەمەد یوسف نەجم (فن القصة ) و (القصة فی الادب العربي ) و کتێبەکەی دکتۆر ڕەشاد روشدی (فن القصة القصيرة ) و کتێبە

نایابەکەی ( لاگۆس ئاگری ) کە ( دورینی خەشەبە ) کردوویەتی بە عەرەبی ( فن كتابه المسرحيه ) . چیشم دەست ڕۆیشتبێ لە خوێندنەوەی چیرۆك دریغیم نەکردووە ))[٤]

- چەمکی گێڕانەوە

مرۆڤ ڕۆژانە ڕووبەڕووی جۆرەها ڕووداوو بەسەرهات و کارەساتی جۆربەجۆر دەبێتەوە، یەکێك لەمانە یان هەر یەکێکیان وا لە مرۆڤ دەکات کە مرۆڤ باسیان بکات و بە بەرامبەرەکەی ڕابگەیەنێت ئەمەش بۆخۆی گێڕانەوەیە. مرۆڤ لە ڕێگای پەنابردنە بەر گێڕانەوەی ڕووداوو بە سەرهاتەکانی ژیانی خۆی ،یان هەر تاکێکی دەوروبەرەکەی توانای ئەوە لای مرۆڤ دروست دەکات کە بەردەوامی بە ئامادەبونەوەیەکی نوێی دوێنێی خۆی بە کەسانی دەوروبەری بدات لە ئەمرۆدا.لەو ڕووەوەشەوە ئەگەر ئێمە تەماشای ڕەگەزی گێڕانەوە لە چیرۆکدا بکەین هەست بەوە دەکەین کە ئەم ڕەگەزە وەك لایەنێك و خاسیەتێکی گرنگ و بنەڕەتی چیرۆکە .

چیرۆکیش بۆ خۆی (( بریتییە لە گێڕانەوەی کۆمەڵە ڕووداوێك بە شێوەیەکی هونەری، کەوا قەومانێك، یان چەند قەومانێکی ژیان یان سروشت دەکاتە مایەی سەرنجراکێشان بزواندنی هەستی جوانپەروەری و پێگەیاندنی لێکدانەوەی گوێگر یان خوێنەر بەرامبەر بە ژیان ))[٥].

چیرۆك خۆی لە خۆیدا چەند ڕووداوو بەسەرهاتێکی کەڵەکە بوونی ژیانە، لە ڕێگای نووسەرەوە بەشێوەیەکی هونەری جوان و داهێنەرانە دەگێڕدرێتەوەو دەبێتە مایەی تێڕامانی خوێنەرو گوێگرو بەخشینی چێژو دروستکردنی بیرێکی قوڵ و تێڕامان لای خوێنەرو گوێگر .بۆیە جێی خۆیەتی لێرەدا بپرسین گێڕانەوە چییەگێڕانەوە بۆخۆی دووبارە باسکردنەوە و خستنە ڕووی ڕووداوە جا ڕووداوەکە دوور بێ یان نزیك کەسی گێڕەرەوە کە هەندێ جار خۆی بەشێك یان بەشداربووی ڕووداوەکەیە یان ئاگاداری ڕووداوەکەیە یان ڕووداوەکە دەماودەم و پشتاو پشت بە کەسی گێڕەرەوە گەیشتووە ئەویش بە گوێگرو خوێنەری دەگەیەنێت

گێڕانەوە زاراوەیەکی گشتییە کە بریتیە لە (( گێڕانەوەی ڕووداوێك یان زیاتر، هەواڵێك یان زیاتر دەگرێتەوە، ئیدی لە کرۆکی ڕاستییەوە هاتبێت، یان لە داهێنانێکی ئەندێشەییەوە ))[٦]. واتە هەندێ ڕووداو ڕووداوی ڕاستەقینەن و هەندێکیشیان خەیاڵین .

هەروەها ( واین بوس wayne both ١٩٢١-٢٠٠٥ ) دەڵێت:(( بە پێی ئەو ئاما نجەی کە لەو کردەیەدا مەبەستمانە پێنج ملیۆن ڕێگە بۆ گێڕانەوەی چیرۆکێك هەیە ))[٧].بەڵێ ڕێگای جۆراوجۆر هەیە، بەڵام ژمارەی پێنج ملیۆن زیادەڕۆی ( مبالغه ) ی زۆری تێدا کراوە.

بۆیە چیرۆکنووس چەندین ڕێگای گێڕانەوەی لە بەردەستدایە بۆ گێڕانەوە کاتێك چیرۆکێك بەرهەم دەهێنێت و پەیوەست نابێت بە تەنیا ڕێگایەکی تایبەتەوە، چونکە(( گێڕانەوە هونەرە نەك زانست ))[٨]

هەروەها گێڕانەوە لە( فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە )ی ( هەژاری موکریانی )دا بەم واتایە هاتووە (( گێڕاندنەوە ، گێڕاندنەوەش بە واتای باسکردنی قسەی گوتراو ))[٩].

بە پێی ئەم پێناسانە بێت گێڕانەوە تەنیا ڕابردوو دەگرێتەوە نەك داهاتوو. ئەمەش وا دەکات کە پێویستمان بە کەسێك هەبێت بۆ باسکردن و گێڕانەوەی ڕووداوەکان بە تێگەیشتنێکی نزیك لە واتای گێڕانەوە.

مرۆڤ هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە خاوەن زمانێکی ئاخاوتن بووە، بۆ ئەوەی لەگەڵ دەوروبەرەکەی گفتوگۆ بکات و ئەوەی دەشیبینێت و پێی سەرسام دەبێت و یان خۆشی دەوێت و حەزی لێی دەبێت یان ڕقی لێی دەبێت ولێی ترساوە بە هۆی ئەو زمانەوە بیگێڕێتەوە و باسی بکات . هەر ئەمەش وای کردووە کە هونەری گێڕانەوە تایبەت بێت بە مرۆڤ و(( بە ئامرازی یەکەم دەربڕێت لە ئەدەبی چیرۆکدا ))[١٠].

زانستی گێڕانەوە بە زانستێکی نوێ دادەنرێت لەگەڵ هەنگاونان و کاریگەربوون بە بونیادگەری لە بازنەی بە کارهێنانی ڕەخنەدا بەشێوەیەکی تایبەت هاتووتە ئاراوە، بەڵام ئەوە نەبێت ئەم زاراوەیە لە چاو نوقتانێکدا لە ئەدەبی ڕۆژئاوادا بڵاوبووبێتەوە، بەڵکو ڕەگ و ریشەی ئەم گێڕانەوەیە بۆ سەردەمی

(( ئەفلاتوون و ئەرەستۆ دەگەڕێتەوە ))[١١]

بەلام سەرهەڵدان و دەرکەوتنی گێڕانەوە دەبێ زۆر لەو مێژوویە کۆنتر بێت، چونکە لەگەڵ هەبوونی مرۆڤ لە سەر زەوی لە سەردەمە هەرە کۆنەکانەوە گێڕانەوەش هەبووە ئەگەر تەماشا بکەین کاتێ مرۆڤ لە ڕاوو شکار گەراوەتەوە بۆ نێو ئەشکەوتەکان و دەستـیـان کردووە بـە وێـنـەکـێـشـانی ئـەو ئـاژەڵ و گـیـانلەبـەرانـەی کـە لێیان ترساون یـان هۆگریان بوون لە سەر دیواری ئەشکەوتەکان،

ئەمە جگە لە وێنەکێشانی کەل و پەلی ڕاوو نەچیرەکان. بێگومان ئەمانەش جۆرێکی تـایبەتی گێڕانەوەن بە شێوەیەکی هونەری ئەو سەردەمە.جا ئەگەر لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بە وردی لە بنەماکانی پێکهاتەی هەر چیرۆکێك بڕوانین دەبینین گێڕانەوە بە یەکێك لە گرنگترین بنەماکانی بنیاتی هونەری هەر چیرۆکێك دادەنرێت. ئەم گرنگییە پێدان و گرنگییەی بنەمای گێڕانەوە لای (ئالان روب گرێیە) گەیشتوتە ئەو ڕادەییەی کە بکرێتە پێوەری سەرکەوتنی هەر بەرهەمێك کاتێك دەڵێ چیرۆکنووسی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە دەزانێت چۆن چیرۆك بکێڕێتەوە))[12] . لەم ڕایەی ئالان ڕوپەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە گێڕانەوەش پێویستی بە هونەرێکی بەرز و لێزانین و تەکنیکێکی بالاْ هەیە بۆ بەجێ هێشتنی زۆرترین کاریگەری و چێژ لای گوێگر و خوێنەر.

دەربارەی گێڕانەوە (بارت) دەڵێت:((دەکرێ گێرانەوە بە هۆی ئەو زمانەی کە بەکار دەهێنرێ، زارەکی بێت یان نووسین، بە هۆی وێنەی جێگیرەوە بێ یا جولاْو، بە هۆی تێکەلاْو کردنێکی ڕێکوپێك بۆ ئەم کەرەستانە کە ئەفسانە و پڕوپووچ و چیرۆك و داستان و مێژوو و مەرگەسات و بەزمەسات و تابلۆی وێنەکێشراو، تا دەگاتە هونەری نەخشاندن (زخرفە) و سینەما و تەلەفزیۆن و لەزگەکانی و گفتوگۆکان))[13]

لەم بۆچوونەی (بارتەوە)) ئەومان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە گێڕانەوە تەنیا پەیوەست نییە بە دەقە ئەدەبییەکانەوە، بەڵکو کارە هونەرەکانیش وەك تابلۆ و وێنە فۆتۆگرافییەکان و تەنانەت نوسینی سادەش بە پێی تایبە تمەندێتی خۆیان دەگرێتەوە.

گێڕانەوە دوای هەوڵ و کۆششێك دێتە ئاراوە نەوەك بە بێ هــیچ شتێك و ماندوبوونێك، بۆیە((ڕێگایەکە چیرۆکبێژ یان داهێنەرێکی میللی بەرهەمی خۆی لە ڕێی گێڕانەوەوە پێشکەش بە خوێنەر دەکات))[14]

واتە لەم ڕایەوە ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە هەر وەك چۆن فەرهەنگە عەرەبییەکانیش بە هەمان شێوە بە چنینەوە دایدەنێن، بەلاْم((لە شێوەی حیکایەت، بەم چەمکەش گێڕانەوە بۆ مانا کۆنەکەی دەگەڕێتەوە

کە فەرهەنگە عەرەبییەکان مەیلی ئەوە دەکەن کە مانای ((چنینەوە))ی بو دانێن))[15]. ئەمەش بە هەر شێوەیەك لە شێوەکان لە بیرو یادەوەری خوێنەرو گوێگر دەمێنێتەوەو کاریگەری لە سەر خوێنەر، یاخود گوێگر دروست دەکات، بەمەش ئەوە ڕوون دەبێتەوە هونەری گێڕانەوە هەوڵ و کۆششێکی زۆری دەوێت، ئەگەر چی لە ڕابردوودا حیکایە تخوان تەنیا باسی ڕابردووی دەگێڕایەوە، لەگەڵ خەیاڵی پەتی ئەفسانەوە درێژدادڕی و دووبارە و ئایندەش کەمتر ئاوڕی لێ دەدرایەوە. بۆیە دەبێت دەربارەی هونەری گێڕانەوە ئاماژە بەوە بکەین، کە((هیچ دەقێکی ئەدەبی بێ گێڕانەوە نابێت))[16]

بۆیە گێڕانەوە ڕۆڵ و بایەخێکی دیاری هەیە و چالاکی و برەو بە چیرۆك دەبەخشێت، هەر بۆیە ((گێڕانەوە کارێکی هەواڵگەیاندن و هونەرییە. هەواڵگەیاندنە، چونکە زنجیرەیەك ڕووداو دەگوێزرینەوەو ئەرکی گەیاندنی پێسپێراوە پێیدەوترێ (نێرراو) و بۆ نێرراو(وەرگر) بۆ چنینەوەی ئەو ڕووداوانەو دارشتەوەیان لە قالْبێکی زمانی، کە پەرۆشی بەهای جوانیی دەقەکە بێت))[17]

## ئەرکی گێڕانەوە

چیرۆك بە پێی ئەو ڕێکخستنەی کە لە واقیعدا هاتووە ڕووداو پێشکەش ناکات، بەڵکو ڕووداوەکان پاش و پێش دەکات هەندێکیان بە کورتی و هەندێکشیان بە درێژی دەخاتە بەر پرۆسەی گێڕانەوە، ئەمەش بە مەبەستی زیاتر بەرجەستەکردنی دیمەنێك یان لایەنێك یان مەبەست و بابەتێك جا لە دوورەوە بێت یان نزیکەوە.

ئەرکێکی تری گێڕانەوە بە دیارخستنی هەموو ئەو شتانەی کە نووسەر دەیزانێ لە بـارەی کارەکتەر و هەوڵدانی بۆ چوونە نێو ناخی شاراوەی کارەکتەرو دۆزینەوە تایبە تمەندی وسفەتەکانی.

جێی خۆیەتی لێرەدا ئەرك و گرنگی و بایەخی (گێڕەڕەوە) لە بەرچـــاوبکرێت لە پرۆسەی گێڕانەوەدا ئەمەش بە هۆی ئەوەی پرۆسەی گێڕانەوە بە شێوەیەکی سروشتی و ڕێکوپێکدا تێدەپەڕێت، ئەم کرداری گێڕانەوەش بێگومان پێویستی بە ئامرازێك هەیە تاکو گێڕانەوەکە ئە نجام بدات و بە شێوەیەکی دروست و هونەری ئاڕاستەی وەرگری بکات ،

هەڵبەتە ئەو ئامرازەش (گێڕەڕەوەیە)، بوونی گێڕەڕەوە لە پرۆسەی گێڕانەوەدا پێویستییەکی حە تمییە بە جۆرێك دەستبەرداربوون لێی مەحالە.

کەواتە (( گێڕەرەوە پێکهێنەری سەرەکییە لە ئەڵقەی پەیوەندی کە یاکبسۆن پێشنیازی کردووە ئەوانیش شەش ئەرکن لەلایەن نێرەری زمانەوە جێبەجێ دەکرێت و هەر یەکێك لە مانە بە هۆکارێك لە هۆکارەکانی بەردەوام بوون پەیوەستە بە شێوەیەکی توندو تۆڵ و بە پێی ئەم هێڵکارییەی خوارەوە:

٣ -سیاق( ڕێچکە )

١نێرەر( هەڵچوون یان دەربڕین ) ٦- پەیام( شعرییەت ) ) ٢-وەرگر( تێگەیاندن )

٤ - پەیوەندی( وشیاری،ئاگاداری )

٥ - شەفرە( کۆد ) )[١٨]

ئەرکی هەڵچوون لە پرۆسەی گەیاندنی گێڕانەوەدا لەم کاتەدا دەردەکەوێت کە قسەکردن لە سەر گێڕەرەوە بێت، چونکە ئەو ڕووداوو مەبەستانەی لە گێڕەرەوە ڕادەگەیەنرێت و دەردەچێت، چ لە چیرۆك و شیعرو پەخشان دا. واتە هەڵچوونەکانە، کە لەگەڵ شێوازی چنین و داڕشتن بە دیار دەکەویت وەك سەرسوڕمان وگاڵتە جاڕی و دڵخۆش بوون، لێرەدا ئاما نجیشی دەربڕینێکی ڕاستەوخۆ لە هەڵوێستی نێرەر بەرامبەر بە وەرگر هەر چی ئەرکی گەیاندنیشە کاتێك دەر دەکەوێت، کە قسەکردن لە بارەی وەرگرەوە بێت ئەمەش بە مەبەستی ورژاندن و جووڵاندن بە ئاگایی و وشیاری و بەردەوامبوون لە بەکارهێنانی شێوازی داواکردن و نەکردن( امر،نهی ).و پرس و خستنەڕووو هەڕەشەکردن و پاڕانەوە و گۆڕینی ئاوازی دەنگ،شعرییەتیش لەم کاتەدا دەردەکەوێت کە قسەکردن لە بارەی پەیامی گێڕانەوە بێت (( ئەمیش پەیامێکی زمانییە ئەرکی جوانی و ئەدەبی دەقەکە جێ بە جێ دەکات هاوشانی پێنچێەرکەکەی تر، ئەرکی شعرییەت بایەخی زۆری هەیە، چونکە گرنگی بە بنیاتی زمانەوانی دەدات و بەشێکە لە زمانەوانی و لێی جیا نابێتەوە ))[١٩] .ئەوەی لە سەر گێڕەرەوە ئە نجامی بدات گاڵتە نەکردنە بە تواناو زیرەکی وەرگر. گێڕەرەوەش ئامرازێکی تەکنیکیە لە دەستی ئەو کەسەی چیرۆك، یان ڕۆمانەکەی دەگێڕێتەوە ئەمیش بە مەبەستی دەرخستنی جیهانی چیرۆك یان ڕۆمانەکەی بە کاری دەهێنێ،(( بە پێی ناو لێ نانی ( بارت ) کە دەڵێت دروستکراو لە کاغەز ))[٢٠]

## جۆرەکانی گێڕانەوە.

ئەو ڕووداوانەی لە ژیانی مرۆڤدا ڕوودەدەن جا ئەوانەی ڕابردوو بێت، یان داهاتوو، دەبێت پەند و ئامۆژگارییان لێوەربگیرێت و بە جۆرێك لە جۆرەکانیش بۆ نەوەکانی داهاتوو بگێڕدرێتەوە، چونکە ئەگەر وا نەبێت تووشی لە ناو چوون دەبن و لە یادەوەری مرۆڤدا نامێننەوە. بەمەش کەلتوورو مێژووی گەلانیش بە هۆی تۆمارکردن و هەڵگرتنیان بـــە نەمری دەمێنێتەوەو بە هۆیانەوە بناغەی شارستانییەت دادەنرێت. ئەوەی جێی داخە میللەتی کورد ئەو بوارەی بۆ نەڕەخساوە، کە مێژووی بە سەرهات و ڕووداوەکانی ژیانی ڕابردووی خۆی بە شێوەیەکی باش بنووسێ و هەڵبگرێ. ئەمەش بە هۆی چەندین هۆکارەوە، کە ڕەنگە لێرەدا شوێنی باسکردنی ئەو هۆکارانە نەبێت. بەڵام ئەوەی کە نووسراوەتیشەوە زۆر جار بە هۆکاری جۆراوجۆرو پلان بۆ دانراو لە نێو براون.

ئەو ڕووداوانەی ژیان و مێژووی کورد سەرلەنوێ بە شێوەیەکی هونەری داڕێژراوتەوەو نووسراوەتەوە لە ڕێگای دوو جۆر گێڕانەوەوە خراونەتە ڕوو:

١-گێڕانەوەی بابەتی

٢-گێڕانەوەی خودی

١- گێڕانەوەی بابەتی :- یاخود دەرەکی ئەو جۆرە گێڕانەوەیە کە بۆ چیرۆك و حیکایەتە میللییەکان بەکار دێت و پێشکەش دەکرێت لە ڕووی مێژوویشەوە بە کۆنترین جۆری گێڕانەوە دادەنرێت، هەروەها (( ڕەگو ڕیشەی گێڕانەوەی بابەتی بۆ داستان دەگەڕێتەوە ))[٢١]
هەر بۆیە لەگێڕانەوەی تەقلیدیدا پێیدەوترێت (( گێڕانەوەی داستانی یان گێڕانەوەی ڕاستەوخۆ ))[٢٢]. هەر سەبارەت بە گێڕانەوەی بابەتیش ( تۆماشفسکی ١٨٩٠-١٩٥٧ ) دەڵـێت (( لـە گـێـڕانـەوەی بابەتی دا نووسەر ئاگاداری هەموو شتێکـە،تەنانەت بیرو هەستە پەنهانـەکانی کەسێتییـەکانیش ))[٢٣].

لەم جۆرە گێڕانەوەدا چیرۆکنوس بە شێوەیەکی شاراوەو لە ژێر ڕوو پۆشی گێڕەرەوەیەکی دەرەوەی ژێنگەی چیرۆکەکەدا ڕووداوەکا نمان بۆ دەگێڕێتەوەو وێنەی دەروون و هەست و ویستەکانی کەسێتییەکا نمان بەخشێنێت .

لەلایەکی ترەوەو لە هەموو لێکۆڵینەوە عەرەبی و کوردییەکاندا، زاراوەی ( هەموو شتزان )[٢٤].

بۆ گێڕەرەوەی بابەتی دانراوە ، چونکە بە لای فلوپیرەوە (( نووسەر دەبێ وەك خواوەند وا بێت لە گەردووندا، کەس نەیبینێت خاوەن تواناش بێت بە جۆرێکی وا لە هەموو شوێن و جێگایەك هەست بە بوونی بکەین و نەیـبــــینین ))[٢٥].نووسەر لە هەموو شتێکی ناو چیرۆکەکە ئاگادارە،

هەروەها جگە لەمەش (( ڕۆڵی لە دروستکردنی کەسایەتی کارەکتەرەکانیش هەبێت، چونکە ئاگاداری ناو ناخی ئەوانیش دەبێت))[٢٦].بەمەش ناتوانن و بواریان بۆ ناڕەخسێ گوزارشت لە خۆیان بکەن نە کەسەکانی و نە کارەکتەرەکـــــانی ناو چیرۆکەکە.

(( ئەو سەربەستییەی چیرۆکگێڕەوەی هەموو شتزان لە ڕووی زانینی ئەو زانیارییانەی دەیانزانێت و ئاشکراکردنی یان شاردنەوەی ئەو زانیارییانەو ئامادەبوونی لە هەموو کات و شوێنێکدا سەربەستییەکی ڕەهای هەیە، بەڵام لە ڕووی دارشتنی چیرۆکەکەوە بە پێی یاسا ئاڵۆزەکانی ناوەوە دەبێ پەیڕەوی چەند ڕیسایەك بکات، بێگومان ئەمەش سەربەستییەکی دیاریکراوو دەداتە چیرۆکگێڕەوەی هەمووشتزان و ناهێڵێت بە ئارەزووی خۆی پەل بهاوێت وهەر چی بە خەیاڵیدا بێت بیکات))[٢٧].

بەو پێوەرو لە ڕوانگەی ئەمەوە جۆرەکانی چیرۆك گێڕەرەوە دیاریدەکات بەم شێوانەی خوارەوە:

یەکەم: چیرۆکگێڕەوە لە پاڵەوان پتر دەزانێ ( بینین لە پێشەوە یان لە دواوە).

دووەم: چیرۆکگێڕەوە بە قەدەر پاڵەوان دەزانێ (بێنین لەگەڵ).

سێیەم:چیرۆکگێڕەوە لە پاڵەوان کەمتر دەزانێ ( بینین لە دەرەوە))[٢٨].

- جۆری یەکەم : کە چیرۆکگێڕەوەی هەمووشتزان لە دواوە یان لە پێشەوە ئاگاداری هەموو ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکەیە دەزانی چی ڕوو دەدات و دەورەکان بەر کێ دەکەوێ و کارەکان چۆن دابەش دەکاتە سەر شاکەس و ڕووداوەکان چۆن دروست دەبێ وچۆن پەرەدەسەنێت.

- جۆری دووەم: لە جۆرەکانی گێڕانەوە پێی دەوترێت (بینین لەگەڵ) ئەمەش و چیرۆکگێڕەوەی هەمان شتزانە کە ئەو شتانەی دەزانێ ،کـــە کـــەســـانی نـــاو چـــیرۆکـــەکـــە دەیـــزانـــێ وشوێنی چیرۆکـگـێڕەوەکەش

لە پاڵ کەس وڕووداوەکانەوە بەستراوە بە شوێنیکی دیاریکراوەوە، چونکە توانای ئەوەی نییە بە ئارەزووی خۆی هەڵسوکەوت لە ئاست شوێن و کات بکات. لەم جۆرە گێڕانەوەیەدا چیرۆکگێڕەرەوە لەگەڵ ڕووداوەکان دەوەستێ نەك لە پشتیانەوە))[٢٩].

-جۆری سێیەم: لە جۆرەکانی گێڕانەوە ئەوەیە کە پێی دەوترێ (بینین لە دەرەوە) چیرۆکگێڕەوەی ئەم بوارە دەڵێت (چیرۆکگێڕەوەی کەم شتزان)، چونکە زانیارییەکانی چیرۆکگێڕەوە بە هۆی بینین و بیستنەوە زانیاری دەست دەکەوێت واتە سەرچاوەی پەیداکردنی ئەو زانیارییانە تەنها ئەم دوو هەستەیە))[٣٠].

دەتوانین بە گشتی ئەم جۆرە گێڕانەوانەی سەرەوە بە سەر چیرۆکەکانی مارف بەرزنجی دا پراگتیزە بکەین بە تایبەتی ئەو چیرۆکگێڕەوانەی لە دەرەوەی ڕووداوی چیرۆکەکە دەزانێت یاخود ئەو چیرۆکگێڕەوەی لە ناو ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە بە پێی بنەمای بینینەکانی.

لە چیرۆکەکانی مارف بەرزنجیدا (شوێنی چیرۆکگێڕەوەی (هەمووشتزان)) لە چیرۆکەکانیدا دیارە وەك چیرۆکی:

١-ئاواز و کەباب

٢-گای پیرۆز

٣- پەیکەری گاورباغی

٤-بەسەرهاتی قوتابیەکەی پۆلی چوارەمی حقوق( تەواو نەکراوە)

٥- مەلا برایم

٦- مەمەدە فەندی سەرسام

تەکنیکی گێڕانەوە لە چیرۆکی (ئاواز وکەباب) دا هەرچەندە گێڕانەوە لەلایەن یەکێك لە کەسەکانی ناو چیرۆکەکەیە، بەڵام ئاگاداری هەموو ڕەهەندو لایەنە نادیارو شاراوەکانی کەسەکان و ژیانی ڕابوردوویانە، ئەوەش وای کردووە کە چیرۆکگێڕەوەی هەموو شتزان دەربکەوێ.

شاکەسەکان (فلامورز)و (میرزا )ن لە ژێر دەسەڵاتی چیرۆکگێڕەوەدان و بەدەستیەوە وەك بووکە شووشە وان چۆنی بوێت وا دەیان جوڵێنێت و بەرەو ئەو مەبەستەیان دەبات کە خۆی دەیەوێت... هەروەها بە جۆری ڕاناوی کەسی سێیەمی نادیار (ئەو) ڕووداو و کەسەکا نمان پێی دەناسێنێت، کە کەسە سەرەکییەکان (فلامورز) و( میرزا) یە وکەسە لاوەکیەکەش ( جەمولە) یە.

چیرۆکگێڕەوە لە دەرەوە بەهۆی شاکەسەوە کەسەکانی پێدەناسێنێت و هەموو شتێك دەربارەی کەسەکان بە ئێمە ڕادەگەیەنێ (ئەم جووتە کوڕە ،فلامورزو میرزا، وەك کەڵەشێری جەنگی گەرەکەکەمان بوون بە گیانی یەکتر سور، گەلێ کەس وایان تێ ئەگەیشت، کە زۆر لە پارێزی یەکتر دەگەرێن، ئەگەر هەر کامێکیان بە تەواوی بەخۆیا بدیا بەبێ سێ و دوو لەوەی کەیان ناکا، بەڵام وایان دانابوو لە وریایی هەر دووکیان بوو کە خۆیان بەدەستەوە نەداوە)).( س . ب . مارف بەرزنجی، ل١٤٦) چیرۆکگێڕەوەی هەموو شتزان یەکە یەکە کەسەکان لە دەرەوە بۆ ناوەوەی چیرۆکەکەمان پێشکەش دەکات ئەوەتە بەشێوەیەکی را پۆرت ئاسا لە هەموو شوێنێکی چیرۆکەکە ئامادەیەو زانیارییان لە ڕووداوو وەسفی کەسەکانی ناو ڕووداوەکان و ئازایی و جوامێری و ترسنۆکی و ڕق ئەستووری کەسەکان دەردەخات و لەلایەکی تریشەوە دانیشتوانی گەرەك بە

هەموو تویژەکان دەردەخات، پاشان چیرۆکگێڕەوە دەچێتە ناو چایخانەی گەرەك، گەلێ زانیاریمان سەبارەت بە شوێن وداره شۆڕەبیەکان و جۆگەلەو جۆری یاری کردنی تاوڵەو دۆمینەو پێکدادانی فلامورز ومیرزا وجەموڵ وادادگایی کردنی میرزا ودڵ نەرمی میرزا رێگە گرتنی میرزا لەخرا پەکاری بۆ چاکی ئەمانە لای چیرۆکگێڕەوەی هەمووشتزان پێشکەش بە خوێنەر دەکات. بەشێوەیەکی چڕو پڕ وەسفی کەس و شوێنەکان و دیمەنەکان بەرجەستەدەکات.

سەربارى ئەمانە چیرۆکگێڕەوەی هەمووشتزان دەچێتە ناوەوەی کەسەکان بە تایبەتی وێنەی (میرزا) کە لایەن (فلامورزە) وە سەرزەنشت دەکرێت و ئامۆژگارییەکانی وەردەگرێت ، (میرزا چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسك ،خوێنێکی کەم هاتە ڕوومەتە زەردهەڵگەڕاوەکەی ، تەڕی کەوتە لێوی بەباری ) .(س.ب.مارف بەرزنجی ل١٥٠)

سەربارى ئەم لایەنە چیرۆکگێڕەوە دەچێتە ناو گیروگرفتەکان و بە دوای چارەیەکدا دەگەڕێت و دەیەوێ لە زاری شاکەسە و بڵێت : (با واز لە شەڕ وئاژاوە بێنین وهۆکارەکانی شەڕکردن ) واتە با واز لە خەنجەر بێنین وبیا نخەینە مۆزەخانەوە لەسەر بنەمای خوێندنەوە و ڕێزگرتن لەگەڵ یەك مامەڵە بکەین ....لێرە دا چیرۆکگێڕەوە خودی نووسەرە دەیەوێت ئەو مەبەستەی خۆی دەربڕێت، کە کەسی خرا پەکار و شەرانگێز هیچی بە هیچ نابێ و دەڵێت واز لە خرا پە و شەرانگێزی بهێنێت تابتوانێت بە ئاسوودەیی بژی ( خەنجەر بۆ کەباب وتفەنگ بۆ ئاواز)) . (س.ب. مارف بەرزنجی ل١٥٠ )

بۆیە ئەگەر بە ووردی سەیری کەسیەتی میرزای شاکەس و ئەو گۆڕانانەی تیا ڕوویدا بکەین، ئەوا بە ئاشکرا مەبەستی چیرۆکگێڕەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت.

ئەوەتا میرزا سەرەتا کەسێکی شەڕانی و ئاژاوەچی بوو بەهێزو تواناو ئازایەتی خۆی دەنازێت، بەڵام چیرۆکگێڕەوە کەسێکی وەك فلامورزی لێ ڕاست دەکاتەوە تا تەمێی بکات وناچاری بکات واز لە شەڕکردن بهێنێت و چی تر ئازاری کەسانی دیکە نەدات.ئەم هەڵگەڕانەوەیەش دەبێتە هۆی ئەوەی لای خەڵك خۆشەویست بێت و ڕێزی بگیرێت. نووسەر لەم چیرۆکەدا ڕەمزی بەکارهێناوە خەنجەر بۆ کەباب تفەنگ بۆ ئاواز.

## ٢ - گێڕانەوەی خودی

بە پێچەوانەی گێڕانەوەی بابەتییە یان دەرەکییەوە، گێڕانەوەی خودیە و گێڕانەوەی ناوەکیشی پێ دەوترێت. ئەگەر گێڕەرەوە لە گێڕانەوەی بابەتی لە رێگای وەسفکردنەوە گێڕانەوەکە ئەنجامبدات، ئەوە لە گێڕانەوەی خودیدا . گێڕانەوە لە لایەن کەسێکەوە ئەنجامدەدرێت، کە خۆی بەشێکە لە ڕووداوەکان و لە هەڵسوڕاندنیاندا ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت، واتە گێڕەرەوەی ڕووداوو بەسەرهاتەکان کەسێك نییە لە دەرەوە چاودێریی دروستبوون و بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکان و هەڵسوکەوت و چالاکی کەسێتییەکان بکات، بەڵکو کەسێکە خۆی لە ناو ڕووداوەکان دایەو بە دروستکردنیان، یاخود بەکاریگەربوون بەشوێنەوارەکانیان بەشداریی لە ڕووداوەکاندا دەکات. هەروەها خۆشی ئەرکی گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەگرێتە ئەستۆ. ئەم جۆرە گێڕانەوەیە لە گێڕانەوەی ژیننامەو دانپیادانانەکان دەچێت، زۆر جاریش تۆمارکردنی یادەوەرەکانی ڕۆژانەش بەو شێوە نووسینە دەگێردرێتەوە،

بۆیە لە گێڕانەوەی ناوەکیدا بیروبۆچوونەکان جیاوازن و دەنگەکانیان جۆراوجۆرن و یەکناگرنەوە و هەڵویستیشیان دەربارەی ڕووداو و بەسەرهاتەکان هەمەجۆرەو تایبەتن، چونکە ((گێڕەرەوە لەم شێوازە خۆی لە ڕووداوەکاندا بەشداره یان شاهیدە لە سەریان، هەروەها زانیارییەکانی لە سنورێکی بەر تەسکدایەو واقیعەکان بە پێی پەیوەندییان بەو گێڕەرەوەیەوە دەگێڕدرێنەوە))[٣١] .

ئەگەر شێوازی گێڕانەوەی خودی بە ئاسانترین ڕێگە دابنریت بۆ نووسینی چیرۆك، ئەوا لە هەمان کاتیشدا لە دڵ و دەروونی خوێنەرەوە نزیکترەو((بەدیار نەمانی گێڕەرەوەی هەمووشتزان دەقەگێڕاوکە زیندووترو بە پێزتر دەبێت))[٣٢].

گرنگترین تایبە تمەندی لە گێڕانەوەی خودیدائەوەیە، کە گێڕەرەوە دەبێت بە تواناو زۆر وردبێن بێت،چونکەڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی کەسێـتـیـیـەکـان و خـوێـنـەر دەبـێـتــەوە لــەم شێوازەی گێڕانەوەدا

کەسێتییەکان بە زمانی خۆیان گوزارشت لە تێڕوانینەکان دەکەن، واتە جێناوی بەکارهاتوو جێناوی( من )ە واتە ڕووداوەکان ڕاستەوخۆ دەگوێزرێنەوە بۆ خوێنەر، نەك لە ڕێی گێڕەرەوەیەکەوە لە دەرەوەی سنووری ڕووداوەکان، وەك چۆن( ئۆستن وارین و رینیە ویلیك) ئاماژەیان بۆ کردووە ((گێڕانەوەی چیرۆك بە جیناوی کەسی یەکەمی تاك بەرنامەیەکە دەبێ بە وریاییەوە بخرێتە تای تەرازوویەکەوە، تاکو بەرامبەر هەموو بەرنامەکانی دیکە بوەستێ کە تای تەرازووەکەی دی))[٣٣] .

ئەم جۆرە گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی مارف بەرزنجی دەبێنرێ بە تایبەتی لە چیرۆکی :

١-جەژنێکی شادی

٢- سەر لە بەیانی نەورۆزێك

### ٣- من و براكەم

لە چیرۆکەکاندا جۆری گێڕانەوە لەوە دایە، کە شوێنی چیرۆکگێڕەوە لە دەرەوەی چیرۆکەکە بۆ ناوەوەی چیرۆکەکەیە لەگەڵ کەس و ڕووداوەکان دەگوێزرێتەوە.... واتە چیرۆکگێڕەوە هێندەی کەسەکان ڕووداو یاخود شتەکان دەزانێت و بە هۆی جێناوی کەسی یەکەمی بگۆی تاك یاخود کۆ (من)،(ئێمە) چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە. بۆیە لە چیرۆکی (جەژنێکی شادی) دا چیرۆکگێڕەوە شوێنی ناوەوەی چیرۆکەکەیە و یەکێکە لە کەسانی ناو چیرۆکەکە واتە بە سەرهاتی خۆی و هاورییەکانی دەگێڕێتەوە..(ئەمڕۆ شانزە مانگ و سێ ڕۆژ بە سەر گرتنماندا تێپەڕی، ئەم ماوەیە چەند ڕۆژێکی نەبێ هەموو لە ژوورێکا بردوومانەتە سەر کەسێك نەماوە کە پێش ئێمە هاتبێتە ئەم زیندانەوەو ئێستە مابێتەوە، چونکە هەر یەك لەوانەو گەلێك لەوانەش کە دوای ئێمە هاوردوونیان، هەر کەس بە پێی خۆی سزایەکی بۆ دروست کراوەو بەرەو زیندانێکی کە گوازوەتەوە... کاتێك ئێمەیان هێنایە ئێرە بە گران جێگامان.بووە ڕەنگە ئەگەر ئێمەمانان نەبووینایە هەر بە پێوە لە ناوەڕاستی حەوشەکە ڕابوەستینای،لە ژوورەکاندا لەش بەسەر لەش کەوتبوون لە نیشتمانپەروەدان و دیموکرا تخوازان و کرێکاران و جوتیارانیی خوارو و ژوور، هەمە ڕەنگ دەبینی لە پارێزەرەو پزیشك و ئەندازیارو مامۆستاو کرێکارو جوتیارو قوتابی و کاسبکار تەنانەت دەروێش و حاجیش تەمەن لە ژوور حەفتا ساڵانەوە تا خوار)) (س.ب.مارف بەرزنجی)،ل١٦٨. بەم جۆرە چیرۆکگێڕەوە خۆی خستووەتە بەرگی شاکەسی چیرۆکەکەو هێندەیی ئەو کەسە دەزانێت و ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە، چونکە وەك هەموو چیرۆکگێڕەوەیەکی هەمان شتزان شوێنی لە ناو چیرۆکەکەداو ناتوانێ بە ئارەزووی خۆی هەنگاو هەڵێنێ و هەموو شتەکانی کەسەکانی بزانێت، چونکە ئەو سەربەستییەی بە کات و شوێنی دیاریکراو پەیوەستە یا خۆی دەچێتە لای کەسەکان یان کەسەکان دێنە شوێنی ئەو چیرۆکگێڕەوە شوێنی شاکەسەو ڕووداو دەگێڕێتەوەو لە زینداندایە باسی ژووری زێندا نمان بۆ دەکات....(لە ژوورێکی چوار پێنج مەتریدا بیست و دوو کەس تێك ترا نجاین بێشوێن دیاریکردن... کەسیش ئاگای لە پێڵاوو سۆڵی خۆی نەمابوو... لەگەڵ ئەو تێکترا نجانەیشا هەموو ئەیانگوت لە عێراق زیندان لەم زیندانە چاکتر دەست ناکەوێت لەسەر ئەمەوە هەر لایەك سەرگوزەشتەی خۆیان ئەگێڕایەوە، هەندێکیان ئەیان وت ئێمە(٣٨) شەو لە ژوورێکدا بووین هەر جێگای هەشت کەس ئاسایی تێدا ئەبووەوە، بەلاّم ئێمە سیو پێنج کەس بووینەو ناچار بەم چەشنە دەخەوتین...))[٣٤].

چیرۆکگێڕەوە یادگارو جۆری گرتنەکەو باری ناو زیندان بە زاری شاکەس دەگێڕێتەوە .. پاشان دێتە سەر سەرگوزەشتەی کەسەکانی ناو زیندان و ژیانیان چۆن بە سەربردووەو سزایان چی بووە، چیرۆکگێڕەوەی هەمان شتزان هەر هێندە دەزانی کە خۆی خستووەتە جێگەی شاکەس و ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، هەموو شێوەی ئەشکە نجەو لێدان و خەوتن تا جیاکردنەوەی زیندانیەکان باسی گوزەرانیان وەك یەك پەڕەی هاو بیرو باوەڕ زیندانیەکان. پێکەوە چایان لێدەنا (یەك عەمار، یەك مە نجەڵ و چۆن یەك لە بەشدا یەکیەتی و هاوکاری وهاوبەشی هەموو کەمتر ئەرك و زۆرتر خوراکی پێ دەبرا))[٣٥]. شاکەس شوێن و ساڵی زیندانی (١٩٦٠) مان بۆ دەگێڕێتەوە کە لە ڕاستیدا بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە کە جەژنە جەژنی خۆشی وسەلامەتی، بەلاّم خۆی زیندانیەو لە ناو زینداندا لە کرێکارەکان ورد دەبێتەوە کە ژووریان بۆ دروست دەکەن چەند کرێکارێك سەرنجی ڕاکێشاوە وەسفی هێزێکی دیوی دەرەوەو لاوازی کرێکارەکا نمان بۆ دەگێڕێتەوە... جەژنێکی شادی جەماوەر بە سۆزو تینەوە هاواریان دەکرد( دیموکراتیە وسەلام) (سەبعین بیل میەحوریە، سەحافە وەتەنییە) ئەم لەم چاوەڕوانیەو کرێکارە بەتەمەنەکەش بە ئحم ئحم گاڵتەی بە چەژنەکە کرد، چونکە خۆی حەوت چەرخ و دەوری بینیبوو داخوا هەژاران چەند دەوری تر دەبینی.. هەژاران زوو نامرن...نامرن) بەمە چــیرۆکــگــێــڕەوە دڵخۆشی خۆی دایــەوەو چیرۆکــەش تــەواو بوو.

### - جۆری سییەم:

چیرۆکگێڕەوەی کەم شتزانە کە لە دەرەوە شتەکان دەبینی و دەبیستێت و لە شاکەسی چیرۆکەکە کەمتر شت دەزانێت و بۆ پەیداکردنی زانیاریەکانیشی هەر لە ڕێگەی بینین و بیستنەوە پەیدا دەکات هەر کاتێك لەو شوێنە دوورکەوێتەوەو توانای بینین و بیستنی کەسەکانی نامێنێت ، هەر بۆیە لە شوێنی خۆیەوە گوێ لە قسەکانی (مامۆستاو ئەفەندی) دەگرێت، پەنا دەباتە بەر وەرگرتنی زانیاری لەم کەسانەوەو زۆر جاریش خۆی بەناسینی ئەم کەسانە ئاشکرا دەکات، وەك لە چیرۆکی (شەتل) و(نامەی سەرسنوور) دا. دیارە لە چیرۆکی (شەتڵ)) دا[٣٦].

چیرۆکگێڕەوەی کەم شتزان لە کەسانی ناو چیرۆکەکە کەمتر شت دەزانێت و سەرچاوەی زانیارییەکانی لە ڕێگەی بینین و بیستنەوە بەردەست دەکەوێت لە ڕێگەی (نامەوە) کاتێ چیرۆکگێڕەوە گەیشتنە شاری (ت) دەبوو سواری ئۆتۆمبیلێك بێ کاتێ ئۆتۆمبیلەکەی پڕبووو دوو ئەفەندی یەکێکیان لای چیرۆکگێڕەوە ئەوی تریش لە پشتەوە دانیشتبوو گفتوگۆیان دەکرد مامۆستان...شاکەسی چیرۆکەکە مامۆستایەو خەڵکی گوندی (تاوغە) و کوردی باش نازانێت و بۆ دییەکی کوردی نێراوە، کۆسپ و تەگەرەی زمان بوو کە دەبوایە منالە کورد بە عەرەبی بخوێنێ لەلایەکی تریشەوە کۆسپی جێگا پەیداکردن بۆ خۆی و قوتابیان بوو....

لێرەدا چیرۆکگێڕەوەی کەم شتزان لە ڕێگەی بیستنەوە زانیارییەکانی دەست دەکەوێ و ئەگەر لە ناو ئۆتۆمبیلەکە نەمێنێ هیچ نازانێ)) هەر بۆیە بۆی دەردەکەوێ و کە مامۆستا وەك مۆم دەوری لەوشیارکردنەوەی منالە جوتیارەکان و منالانی ئاغادا بێ جیاوازی دەبینێ...ئەوە بۆ هاوڕێیەکەی ڕوون دەکاتەوە کە (قوتابخانە بۆ هەمووانەو ژمارەی قوتابیانی لە (٨) سەفەوە بووە بە (پەنجا) تەنانەت لەدێیەکانی نزیکیشەوە مندالە فەللاحەکان دەستیان کرد بە هاتنی کوڕ و کچ پێکەوە دەیانخوێند))[٣٧].

پاشان مامۆستا وەك شاکەسی چیرۆکەکە بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوەو سەختی ژیانی فەللاحەکان وئەرکیان بووە هۆی ئەوەی باشترین و زیرەکترین قوتابی دەرهێنن. ئەمە کاری لە مامۆستا کرد (هەرچی دەردەسەرێیم کێشابوو بەلامەوە بە هیچ دەرچوو لە چاو ئەم ستەمدا باخەوانێکی دلسۆز چەندی پێ

ناخۆشە شەتڵ و نەمامە تازەگیرساوەکانی هەڵکەنێ من لەوم زیاتر لا ناخۆش بوو...... بنیادەم ڕەنج لەگەڵ هەر شتێکا بکێشێ خۆشی ئەوێت نەخواستە منالێ کە نەمامی باخی ژیانن))[٣٨].

چیرۆکگێڕەوەی کەم شتزان زانیارییەکانی لە مامۆستاکەوە بیست و یەکسەر شەپۆلی هۆشی بۆ منالی خۆی دەگەڕێتەوە باوکی زۆری پێ ناخۆش بوو شەتڵە تازە لێ دراوەکان لە شوێنی خۆیان هەڵکێشێنێ.

ئالێرەدا چیرۆکگێڕەوە دەبێتە بەشداربوو دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستاو مژدەی پاڵەوان و جەنگاوەری پێی دەبەخشێ و ئۆتۆمبیلەکە دەگاتە (تاوغ) بە بەهەشتی دێرینی شاد دەبێ...چیرۆکەکە کۆتایی دێت. ئەگەر مامۆستا نەبوایە چیرۆکگێڕەوە هیچی سەبارەت ژیانی گوندو جوتیارو کوێخا و قوتابیان و ئەرکی قوتابیان نەدەزانی.

یەکێکی تر لە شێوازەکانی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی مارف بەرزنجی ئەوەیە لە چیرۆکی (نامەی سەر سنوور)دا دەبینرێت شێوازێکی تایبەتە ئەویش هەست بە گێڕانەوەی دوو چیرۆکگێڕەوە دەکەین ئەوانەش

یەکەم :چیرۆکگێڕەوەی هەمان شتزان کە لە دەرەوە شتەکان دەبینێ (زۆرتر دڵم بە لای ئەو لاوە خوێن گەرمانەوە بوو کە هەفتەیەك بوو دەستیان دابووە تفەنگ وهێشتا چاویان باش نەکراوەتەوە لە شەڕی ناو شاخ و دارستان و لە فروفێڵی یاخییەکان شارەزانین))[٣٩]. بەم جۆرە دەچێتە ناوەوەی چیرۆکەکەو ڕووداوو کەسەکانمان لە ڕێگەی جێناوی یەکەمی بگۆی تاك یا کۆوە پێی دەناسێنی و ئاگاداری زانیارییەکانە بە پێی شوێن و کاتی دیاریکراو کە سەردەمی دامەزراندنی سوپای میللییەو بەرگری لە شۆرشی ١٤ی گەلاوێژە.

دووەم : لەلایەکی تریشەوە لەم چیرۆکەدا هەست بە چیرۆکگێڕەوەی کەم شتزان دەکرێ کە لە ڕێگەی (نامە) یاخود بیستن و دیتنەوە زانیاری وەردەگرێ و لە گۆشەنیگاوەو لە ڕێگەی شەپۆلی هۆشەوە یادی کەسەکان و مەشقی چەکداری دەکاتەوەو پەی بەیادەکان دەبات..لە پڕ لەسەر سنوورەوە لەڕێگەی کوردێکی ڕانك و چۆغە لە پڕ نامەیەکی پێ دەگات کە نوسرابوو((لە سەر سنووری کوردستانەوە بۆ ڕۆژنامەی))[٤٠].

ئیتر لە ڕێگەی (نامە )کەوە ئاگاداری ئازایەتی جەنگاوەران و برا بەرزانیەکە(م) و(ح)ی هاوڕێی، دەبێتەوە هەروەها ئاگاداری جۆرو ژمارەی چەك و وەرەی جەنگاوەران دژی دەرەبەگ و یاخی بووەکان دەبێتەوە...

ئاگاداری فەللاحە بریندارەکان و تەقەکردن و هێزی بەرگری میللی و هێزی فەللاحەکان دەبێتەوە و پێکەوە بە گژ یاخی بووەکاندا چوون و ئەنجام (م) بریندار دەبێ، کە ژنەکەی سۆڤیەتیەو کۆرپەیەکی دەبێ و دڵنیا دەبێ کە ژن و کورەکەی دەگرنەوەو بەرگری لە جەمهوریەتەکە دەکەن، کە چیرۆکگێڕەوە نامەکەی خوێندەوە دوو دلۆپی شادمانی کەوتە سەر هەر دوو گلێنەو حەزی دەکرد ئەگەر بە باڵیش بێ بۆ لای (م) بفرێ و تێر تێر هەڵی مژێ و لە شوێنی ئەو تا ڕزگاری شاخەکان سنوور بەر نەدا. ئا بەم شێوە بە چیرۆکگێڕەوەی کەم شتزان لە ڕێگەی نامەوە، هەموو زانیارییەکانی پێ دەگات و چیرۆکەکە تەواو دەبێت وزۆر جاریش بە هۆی جێناوی کەسی سێیەمی نادیارەوە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوەو شوێنی لە ناوەوەی چیرۆك دەبێت و لەگەڵ دەست پێ کردنی چیرۆك و کۆتایی چیرۆکەکە دەردەکەوێت..

## بەشی دووەم

### شێوازی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی(شێخ مارف بەرزنجی) دا

شێوازی گێڕانەوە لە میانەی جۆری گێڕەرەوەوە دیاری دەکرێت، چۆنیەتی شێوازی گێڕانەوەش لە چیرۆکێکەوە بۆ چیرۆکێکی تر دەگۆڕێت، چونکە پەیوەندی بە بینینی ڕووداوەکانەوە هەیە واتە گێڕەرەوە بە چی شێوازێکو لە کوێوە سەیری ڕووداوەکان دەکات. زۆر لە ڕەخنەگرانیش توێژینەوە لە پێکیهاتەی زەمانەوانی تایبە تمەندییە شێوازیەکانی چیرۆکبێژانی ناو یەك چیرۆك، یا ڕۆمان بە چەشنی گێڕانەوە دادەنێین، تا جیاوازییەکانی نێوان دەنگەکانی ناو گێڕانەوە دەربخەن. دەشێ چەشنی گێڕانەوە ئەم پرسیارانە بخاتەوە چیرۆکگێڕەوە ئەو واقیعانە چۆن دەگێڕێتەوە، کە دەیانبینێ؟ ئایا وەك خۆی دەیگێڕێتەوە یان کورتیان دەکاتەوە ، بە شێوەیەکی هونەری دەستکاری و چارەسەریان دەکات؟ ئایا

ڕێگە بە کەسەکان دەدا ڕاستەوخۆ ئازادانە بە دەنگی خۆیان قسەبکەن، یاخود خۆی لە بری ئەوان قسە دەکات و دەنگی خۆی تێکەڵ دەکات.بە گشتی چیرۆکگێڕەوە، نووسەر هەوڵ دەدا نێوانێك لە نێوان خـۆی و ڕووداوەکە دروست بکات و شێوازێکیش بۆ قسەکردنی کەسـەکانی هەڵبژێرێت .

**چەشنەکانی شێوازی گێڕانەوە**

- یەکەم: چەشنی شێوازی ڕاستەوخۆ بە زۆری ڕاناوی (من) بە کاردێ .

- دووەم: چەشنی شێوازی ناڕاستەوخۆ بە زۆری ڕاناوی (ئەو) بە کاردێ.

- سێیەم: چەشنی شێوازی ناڕاستەوخۆی ئازاد)) [٤١] .هەر ئەم جۆرە دابەش کردنە بەلای ڕەخنەگری فورمالیستی رووس (تۆماشفسکی) دوو جۆرە شێوازی گێڕانەوە دەست نیشان دەکات هەر یەکەشیان لە یەکتر جیا دەکاتەوەو دەڵێت: ((ئەم دوو جۆرە شێوازی سەرەکییە بۆ گێڕانەوە هەیە ئەوانیش:

أ- شێوازی گێڕانەوەی بابەتی (Objectic) لە سستەمی گێڕانەوەی بابەتیدا نووسەر ئاگاداری هەموو شتێکە، تەنانەت بیرکردنەوە شاراوەکانی پاڵەوانەکان (کەسایەتییەکان)ش دەزانێ))[٤٢].هەروەها لە (کەسەکان زیاتر دەزانێت و بە تەنگ ئەوەشەوە نییە پێمان ڕابگەیەنێت چۆن ئەم زانیاریانەی بەدەست هێناوە)[٤٣].

ب -شێوازی گێڕانەوەی خودی(subjectif) لە سستەمی گێڕانەوەی خودیدا لە میانەی چاوی گێڕەرەوە شوێن پێی گێڕانەوەکە دەکەوین یان پێویستمان بە ڕاڤەکردنی هەموو هەواڵێکی دیاری کراو نییەو نا پرسین چۆن گێڕەرەوە ،یان گوێگر ئەمەیان زانیوە))[٤٤] .

هەروەها (ئوسبەنسکی) ئاماژە بۆ بوونی هەر دوو شێوازی گێڕانەوەی بابەتی و خودی دەکات، بەلام بە پێی بنەڕەتێکی دیکە ئەویش دیاریکردنی شێوازی پێشکەش کردنی کەس و ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکەیە واتە ((نووسەر لە دارشتنی بینای چیرۆکەکەیدا یەکێك لەم دوو ڕێگایانە هەڵدەبژێرێت.دەتوانێت لە میانەی هۆشی کەسێك (یان چەند کەسێك)لە ڕووی تێڕوانینێکی خودییەوە ڕووداوو کەسانی چیرۆك بنیات بنێت، یا ڕووداوو کەسەکان لە ڕووی تێڕوانینێکی بابەتییەوە پێشکەش بکات. یان بە مانایەکی دی دەتوانێت بەخشندەکانی درك پێ کردنی هۆشێك (یان زیاتر) بە کاربهێنێت، یا دەتوانێت ڕاستی یان وەك خۆیان چۆن یان دەزانێتبەو جۆرە بە کاریان بهێنێت، جاری واش هەیە وا ڕێك دەکەوێت هەردوو شێوازەکە پێکەوە بە کاربهێنرێت))[٤٥].

لە چیرۆکەکانی مارف بەرزنجییدا دوو جۆرە شێوازی گێڕانەوە بە کارهاتووە، کە شێوازی گێڕانەوەی (بابەتی) و شێوازی گێڕانەوەی (خودیە)، لێکۆڵینەوە لە چیرۆکەکانیدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە هەندێ چیرۆك بەر شێوازی بابەتی کەوتووە وەك چیرۆکی (ئاواز وکەباب)و(گای پیرۆز)و( پەیکەرەکەی گاوریاغی)، هەندێکی تریشیان بەر گێڕانەوەی خودی کەوتوون، وەك (شەتڵ)و(نامەی سەرسنوور)و(چەژنێکی شادی) و(سەر لە بەیانی نەوروزێك) زۆر جاریش گێڕانەوە بەستراوە بە شوێنی هەر یەك لە جۆرەکانی چیرۆکگێڕەرەوە (هەموو شتزان، هەمان شتزان، کەم شتزان) لەسەر ئاستی ڕووداوی چیرۆکەکە،جا شێوازی بابەتیش لەڕووی شوێنی چیرۆکگێڕەوە پەیوەندی بە کەس و ڕووداوەکان و چەند ئەو زانیارییە دەربارەیان دەزانێت .یەکێك لە(( تایبەتیەکانی شێوازی گێڕانەوەی (بابەتی) پێشکەش کردنی کەس و ڕووداوەکان ئەوەیە))[٤٦]. لە وێنەگرتنی واقیع نزیك دەبێتەوە بە تایبەتی (بە گوێرەی بینەری دەرەوە واتە خوێنەر، جگە لەوەی دەبێتە هۆی هەست کردنی چیرۆکنووس بە دوورکەوتنەوەی لە کەرەستەی چیرۆکەکەی لە ڕووی سۆزو هەستەوە، بەم جۆرە کەسەکان وا لە خوێنەر دەکەن بڕوا بە بوونی ڕاستەقینەیان بێنن))[٤٧].

بۆ نموونە لە چیرۆکی (ئاواز وکەباب) چیرۆکگێڕەوە لە دەرەوە ڕووداوەکان دەبینێ و، لە ڕێگەی شاکەسەکان (فلامورز)و(میرزا)وە بەشێوەیەکی واقیعی ڕووداوەکا نمان بۆ دەگێڕێتەوە ئیتر کە خوێنەر یا گوێگر چیرۆکەکەی گوێ لێ دەبێ لە ناو چا یخانەی گەرەك و شەری میرزا و جەمول و دادگایی کردنی میرزاو مانەوەی لە بەندیخانەو دەرچوونی و گۆڕانی لە کەسێکی شەڕانی بۆ کەسێکی هێمن و دۆزینەوەی کارو خستنە لاوەی خە نجەرو تفەنگ بۆ خۆشی ژیان- ئەمانە بە شێوەیەکی بابەتیانە چیرۆکگێڕەوەی هەموو شتزان بۆمان دەگێڕێتەوە بە سەر هەموو لایەکی چیرۆکەکەشدا زاڵە.. لەلایەکی ترەوە واقیعی کۆمەڵی کوردەواری و چینەکانی کۆمەڵ لە جوتیار و ئاغا و دەرەبەگ و پارێزەرو مامۆستاو هەژار و دەوڵەمەندو ئایدوڵۆژی لە ناو چیرۆکەکانی مارف بەرزنجیدا بە شێوەیەکی واقعی دەرکەوتووە و چیرۆکگێڕەوە، کە خودی نووسەرە بێ پێچ و پەنا و بەشێوەیەکی بابەتی و خودی چـیرۆکەکان پـێشـکـەشی حوێنەر دەکات.

لە ئە نجامی گۆڕانی شێوازی گێڕانەوەو کەمبوونەوەی دەسەلاتی چیرۆکگێڕەوە جۆرە شێوازێکی تر هاتە کایەوە ئەویش شێوازی (گێڕانەوەی خودی) بوو.. بە هۆی گۆڕانی شوێنی چیرۆکگێڕەوە لەسەر ئاستی ڕووداوەکانەوە. واتە لە دەرەوە چیرۆك بۆ ناوەوەی چیرۆکەو تێکەڵ بوون لەگەڵ کەس و ڕووداوەکانی. هەر بۆیە دەوری چیرۆکگێڕەوەی هەمووشتزان بووە چیرۆکگێڕەوەی هەمان شتزان و چوونە ناو هەست و هۆشی کەسەکان و

ماوەدانیان بە ڕووبەڕووبوونەوەی خوێنەرو بەستنەوەی بە وەرگرو شوێنی لەسەر ئاستی تێکست و لەسەر ئاستی ڕووداوی چیرۆك شوێنی ناوەوەی چیرۆکەکە، چونکە شێوازی گێڕانەوە شێوازێکی خودییەو ئەم جۆرە شێوازە لە چیرۆکەکانی مارف بەرزنجیدا لە چیرۆکی (شەتڵ)و( جەژنێکی شادی)و( سەر لە بەیانی نەوروزێك) ڕەنگی داوەتەوە، چیرۆکگێڕەوەی هەمان شتزان لەسەر ئاستی تێکست و ڕووداوەکە ڕووداوەکەمان لە ناوەوە بۆ دەگێڕێتەوەو بە زاری یەکێ لە کەسەکان و تێکەڵ بوونی خودی چیرۆکگێڕەوە لە (جەژنێکی شادی)دا هەموو ئازارەکان گرتن و زیندان چۆنیەتی گوزەرانی زیندانیەکان و یەکگرتنی زیندانیە سیاسیەکان بۆ دەگێڕێتەوە.

لە چیرۆکی (سەر لە بەیانی نەورۆزێك) دا چیرۆکگێڕەوەی هەمان شتزان لە دەرەوەی چیرۆکەکە دیمەنەکانی خۆر کەوتنی نەورۆزو جوانی شوێنە تایبەتییەکانی سلێمانی و دەوروبەری باس دەکات دەچێتە ناو چیرۆکەکەو یادگاری دوێنێ و ئەمڕۆی و دوێنێ.... هەر لەم چیرۆکەدا هەست بە دوو جۆرە گێڕانەوە دەکەین. کەسێك لە ناوەوەی ڕووداوەکان و شتەکان دەگێڕێتەوەو کەسی دووەم چیرۆکگێڕەوەیە لە گۆشەنیگای کەسەکانەوە هەستەکان دەگێڕێتەوە ((چ ژیانێکی خۆش بوو جاران...گڕی ئاگری داروبەردو گۆشتی برژاوی لەزمە دراوی مەڕە کێوی و کەوو کەروێشکێك و نان و دوو شانەی هەنگوینی ناو پەلی داری سەر لوتکەولا پاڵی چیاکان..(چەرخ چۆن گۆڕاوە.. ژیان گران بووە...باوك و دایك پیا ڕاناگەن چەرخ و باج و ڕۆژ لە ڕۆژ زۆرتر بووە... ئەوسا پۆلیس وا زۆر چەقاوەسووو شەڕفرۆش نەبوو .... ئێستا لە شار دەردەچێت ناوت ئەنووسن، دێتەوە ناوت ئەنووسن، میوانێ دێ ناوی ئەنووسن... ئەچێتە میوانی هەر ناوت ئەنووسن وەك هەموو پیاو خراپ بێت)) [48].

لە ناو چیرۆکەکاندا جۆرە شێوازێکی تر دەبینین ئەویش تێکەڵی دوو شێوازی گێڕانەوەیە چیرۆکگێڕەوەی هەمان شتزان لە یەك چیرۆکدا لەگەڵ چیرۆکگێڕەوەی کەم شتزان دەبێت و بە شێوازێکی خودی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، چونکە شوێنی هەر لە ناوەوەی چیرۆکدا دەبێت و لەسەر ئاستی تێکست و ڕووداوەکانە وەك لە چیرۆکی (شەتڵ) دا لەسەر ئاستی ڕووداوەکە لە دەرەوە بۆ ناوەوە هەنگاو هەڵدێنێ کە بە هۆی زانین و بیستن دوو کەسەکانی ناو چیرۆکەکە ڕووداوەکان تێ دەگات و کاتی لە کەم زانینەوە خۆی دەور دەبینێ کە هەست دەکات فەللاحەکان منداڵەکانیان لە قوتابخانە دەرهێنا وەك شەتڵ دەربێنن لێرەدا چیرۆکگێڕەوە. دەوری خۆی دەردەخات ((ئەزانی چیم کەوتەوە یاد کە منداڵ بووم لەگەڵ هاوڕێکا نمان بە دزیەوە ئەچووینە ناو باخچەکە باوکم شەتڵە تازە لێ دراوەکا نمان لە شوێنی خۆیان هەڵ ئەکێشا لە ناکاو باوکم بەسەردا ئەهات هاواری لێ هەڵ ئەستا وەك باوکە ڕۆ بکا ئەمجا ئەکەوتە سەرمان بە ڕاکردن و تا منی دەست ئەکەوت ... چاك چاك سەرو گوێلاکی ئەکوتام ... ئێستا ئەزانم کەباوکم ناهەقی نەبوو، چونکە ڕەنجی لەگەڵ شەتڵ و نەمامەکان کێشابوو، هیوای دوا ڕۆژی بوون)) [49]. لەلایەکی تریشەوە دەڵێ:(خۆم پێ ڕاگیر نەکراو لام کردەوەو دەستم بە زۆر بۆ درێژکرد وتم: برادەر: تۆش پاڵەوانێکی، تۆ وهاوڕێی تۆ جەنگاوەری شاراوەن)) [50].

بە گشتی لە ناو چیرۆکەکانی مارف بەرزنجیدا دوو شێوازی گێڕانەوە بینرا ئەویش شێوازی گێڕانەوەی (بابەتی و خودی) بوو بەستراو بە شوێنی هەر یەك لە جۆرەکانی چیرۆکگێڕەوەی (هەموو شتزان و هەمان شتزان و کەم شتزان) لە سەر ئاستی ڕووداوی چیرۆکەکەو لەسەر ئاستی تێکستدا دەوریان بینیوەو ئەوەی سەرەنج ڕادەکێشی مارف بەرزنجی لە چیرۆکەکاندا زیاتر ئاوڕی لە شێوازی بابەتی داوەتەوە.

- هۆو مەبەستەکانی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی (مارف بەرزنجی) دا

بۆ ئەنجام دانی هۆو مەبەستەکانی گێڕانەوە چیرۆکگێڕەوە پێویستی بە دابین کردنی چەند هۆو مەبەستێکی گەیاندنە، گرنگترینیانیش وەسف و گفتوگۆیە کە ئەرکی سەرەکی دەبینن لە وەرگرتن و

ناردنی نامەکە(چیرۆك) لە چیرۆکگێڕەوە بۆ وەرگر(خوێنەر، گوێگر)((چونکە چیرۆکگێڕەوە لە گێڕانەوەدا مەبەستی گەیاندنی چیرۆکەکەیەتی بە وەرگر)) [51].

وەسف و گفتوگۆ بە پێویستێك لە پێویستییە سەرەکییەکان دادەنرێت لە دارشتنی بینای گێڕانەوەی تێکستی چیرۆك و گەیاندنی ئەو چیرۆکە بە وەرگر لە لایەن لێکوڵەران و ڕەخنەگرانەوە، چونکە ((گێڕانەوە هۆی گەیاندنی خۆی هەیە ئەوانیش وەسف و گفتوگۆن، جا چیرۆکگێڕەوە کاتێك بە کاری وەسف کردنهەڵدەستێت واز لە گفتوگۆ دەهێنێت بۆ کەسەکان بۆ ئەوەی گوزارشت لە خۆیان بکەن، یان چاودێری پرۆسەی گواستنەوەی گفتوگۆکە دەکات لە پاڵ ڕاستکردنەوەو هەڵبژاردن جۆری ئەو گفتوگۆیەی لە گێڕانەوەکەدا دەبێت)) [52].

یەکەم :- وەسف:

ڕێگەیەکە بۆ گێڕانەوەو بەرجەستەکردنی هەموو لایەنەکانی ژیان و شتەکان بە جوانی نیشان دەدات و لە چەندین لایەنی جیاوازەوە دەچێتە نێو وردەکاریی شتەکانەوە وەك کامیرایەکی فۆتۆکراف و وێنەکا نمان بۆ دەگرێت، هەروەها جیاوازیش هەیە لە نێوان نووسەرەکان لە وێنەگرتنەکەدا.ئامانج لە وەسفیش ((بەخشینی وێنەیەکی زەهنییە لەسەر دیمەنێك یان کەسێك یان هەستێك بە خوێنەر)) [53].

(( زیندوویەتی وەسفیش ئەو کاتە دێتە دی، کە گێڕانەوەو گفتوگۆ چیتر توانای پێشاندان و خستنەڕووی شتەکانیان نامێنێت ))[٥٤].

بۆیە دەتوانین بڵێین وەسف، وەك تەکنیکێکی تایبەت بە سستمی گێڕانەوە (( بریتییە لە خستنەڕووو پێشکەشکردنی شت و بوونەوەرو ڕووداوەکان، لە شوێن و زەمینەی بوونیان و لە دەرەوەی زەمەن و ئەرکی زەمەنییان، لە وەستانیان لە جیاتی بەردەوامیوونیان ))[٥٥]، چیرۆکێش وەك ژانرێك لە ژانرە ئەدەبییەکان بایەخێکی زۆر بە وەسف دەدات تەنانەت لە شیعریش زیاتر، چونکە چیرۆکنووس گرنگی بە مۆسیقا نادات وەك شیعر، بەڵکو گرنگی بە داڕشتن و وەسف دەدات ، بۆیە وەسف سەرەڕای شتە مادییەکان وەك وەسفی دارو بەرد و ئاسمان و کەش وهەوا و شوێن دەگرێتەوە ، هەروەها وەسفی لایەنی دەروونی کارەکتەرەکان و کێشەو ململانییەکانیش دەگرێتەوە. لە سەرەتادا دەتوانین بڵێین وەسف بەسترابووە بە دەرخستن و پێشاندانی دیــــــوی دەرەوەو ڕواڵەتی شتــەکـان بـە شێوەیەکی تەسك و دیاریکراو(( هەر لە سەرەتاوە وەسف بەسترایەوە بە مامەڵەکردنی لەگەڵ شێوەی شتەکان وەك خۆیان لە جیهانی دەرەوەداو پێشکەشکردنیان لە وێنەی راستەقینە، بە شێوەیەك ببێتە ڕەنگدانەوەی دیمەن لەگەڵ ڕەچاوکردنی گواستنەوەی ڕوانینی دەرەکی بە وردترین شێوە ))[٥٦].

بەڵام دوای ئەو گۆڕانەی کە بەسەر جۆرو شێوازی گێڕانەوەدا هات و دەرچوونی لەو تەوەرە تەسکەی کە خۆی بە ڕواڵەتی دەرەوەی شتەکان دەبەستەوەو توانی شۆڕبێتەوە ناخی شتەکان و دیوی ناوەوەی پیشان بدات ،چونکە (( ئەرکی وەسف تەنها وەسفکردن شتی بێ گیان نییە هەر وەك لە سەرەتادا دەرکەوت، بەڵکو پێشکەوت وپەرەی سەند بە پێی هەستە مرۆڤایەتییەکان بەسترایێتەوە ))[٥٧].

هەروەها ئەرکی وەسف پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆو پتەوو بە ناو یەکدا چوونی ڕاستەوخۆی هەیە بە شێوازی گێڕانەوەو بە پێی شێوازی گێڕانەوەکە ئەرکیشی دەگۆڕدێت، چونکە(( لە شێوازی گێڕانەوەی بابەتیدا وەسف هۆیەکە لە هۆیەکانی بینا بە دەست چیرۆکگێڕەوەی هەموو شتزانەوە کە بە هۆی ئەوەوەی چوارچێوەی کات و شوێنی ڕووداوەکان و ڕەفتارو سروشتی کەسەکان دیاری دەکات، بەڵام لە شێوازی گێڕانەوەی خودیدا تێکەڵ بە ڕوانینی کەسەکان و باری دەروونیان دەبێت ))[٥٨].

ئەمە بە شێوەیەکی گشتی ئەوە دەگەیەنێت وەسف لە گێڕانەوەی خودیدا شۆڕ دەبێتەوە ناخی شتەکان و دیوی ناوەوەیان پیشاندەدات ،بەڵام لە گێڕانەوە بابەتی دا بە پیچەوانەوەیە تەنیا وەسفی دیوی دەرەوەیان دەکات، بۆیە لە ئە نجامدا دەتوانێت ئەوە بڵێین بەبێ کرداری( وەسف وگفتوگۆ ) گێڕانەوە ناتەواو دەبێت لە جێبەجێکردنی دیارترین ئەرکی بنیاتنانەدا، چونکە (( پەنابردنە بەر وەسف لە لایەن گێڕەرەوە مانای ئەوەیە کە کارەکتەرو شوێن و کەسەکان بایەخی تایبەتیان پێبدرێت ))[٥٩].

ئەوەی لە چیرۆکەکانی ئەم چیرۆکنووسە بە دیار دەکەوێت خوێنەریش دەتوانێ تێبینی بکات، ئەو بایەخدانەی گێڕەرەوەیە لە بەرجەستەکردنی ئەو ڕێگایەی گێڕانەوە داو بایەخدانی بە وەسف بە پێی پێویست و ئاستی شێوازەکانی گێڕانەوە، بۆیە وەسفی کەس و شوێنەکانیش ئەو جۆرە وەسفانەن کە لە چیرۆکەکانی ئەم چیرۆکنووسە دەبینرێت.... بۆ نموونە لە چیرۆکی( ئاواز وکەباب ) دا چیرۆکگێڕەوەی هەمووشتزان وەسفی کەسەکان و شوێنەکان بە شێوەیەکی تایبەت دەکات، واتە( ئاوازو کەباب ) گێڕانەوەیەکی بابەتییەو چیرۆکگێڕەوەی هەموو شتزان سەرەتا وەسفێکی گشتی هەردوو کـەسـەکـەی نـاو چـیرۆکەکـە دەگێڕێتەوەو دوا بەدوای ئەویش وەسفی تایبەتیان دەکات (( ئەم جووتە کوڕە،فەلامورز میرزا وەك کەڵەشێری جەنگی گەڕەکەکەمان بوون، بە گیانی یەکتر سووربوو... )) ( س.ب. مارف بەرزنجی ل١٤٦ ).لە وەسفی تایبەتیان لایەنی فیزیکی و دیوی دەرەوە

(( فلامورز چوار شانەیەکی تێکسمراوی گۆشتن و دەست و مەچەکێکی ئەستوورو پە نجەکانی ئەگوت لە پۆلا داڕێژراون. بە هێزداری و توانایی ناو بانگی دەرکردبوو دوو چاوە گەورە ڕەش و مەنگە پڕ ئارامەکەی خۆڕاگرتن و نەبەزیی تیا ئەخوێندایەوە )) ( س .ب مارف بەرزنجی،ل١٤٦. ) لە وەسفی ( میرزا ) شدا(( میرزا درێژێکی کەم کوشتی دەماردار پێست سوری چاو کەمێ شین بۆ چا پۆکی لە پشیلەی ئەکرد، دەس وەشێن بوو گەلێ کەس سەرشکێن کردبوو زۆرتر بەوە کە بەزەیی بە خوار دەسی خوێدا نەئەهاتەوە... )) ( س.ب. مارف بەرزنجی ،ل١٤٦ )

بەم شێوەیە چیرۆکگێڕەوەی هەمووشتزان لە وەسفکردنی کەسەکان بە ئازایەتی وەسفیان دەکات، بەڵام وەسفی میرزا بەلای خرا پەدا دەشکێنێ.

هەروەها لە وەسفکردنی شوێنەکان زۆر بە چڕو پڕی چیرۆکگێڕەوەی هەمووشتزان وەسفی شوێنەکان دەکات و دیمەنەکان بەرجەستە دەکات :( چایخانە گەورەکە کە ئەکەوێتە ناوەڕاستەوە، لای خۆرئاوایە چۆڵە دەشتێکە چەند دارییەکی سەوزی جوانی تێدایە... جۆگەلە ئاوێکی تا سەر چەمەنتۆ کراویش بە بەردەمیا ئەڕوا.. نێوەندی دارەکانیش بە گوڵ و گیانی هاوێنە پڕ ئەکرێتەوە . تەنیا شۆڕەبییەك هەیە لە نزیك جۆگەکەوە بە ئەستووی کلە بێڵی ئەبێ دوورم چوو. بە ئاسمانا لە سەرەوە لق و پۆپە سەوزەکەی وەك پرچی کچێکی شۆخ بە گرژو خاوی هاتۆتە خوارەوە تا نزیك داوێن )). ( س.ب. مارف بەرزنجی ،ل١٤٨ ) لە وەسفی ناوەوەی میرزا ( چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسك...خوێنێکی گەشی هاتە ڕومەتە زەرد هەڵگەڕاوەکەی )). ( س.ب. مارف بەرزنجی ،ل١٥٠ )

هەروەها لە یەكێكی تر لە چیرۆكەكان چیرۆكی( گای پیرۆز) ە چیرۆكگێڕەوە وەسفی تایبەتی مامۆستا وا دەكات (( مامۆستای قوتابخانەكە خوێندەوارێكی وریاو زرنگ و مێشك كراوەبوو)) . (س.ب. مارف بەرزنجی ،ل١٥٣)

چیرۆكگێڕەوەی هەمووشتزان بە ناخی (شێخ) دا شۆر دەبێتەوە و وەسفی ناوەوەی شێخ و باری دەروونی دژی مامۆستا دەكات (شێخ لە مەراقا هەر تووكی سمێڵی خۆی ئەبرد بە ددما پیشی ئەخوارد، بەلاّم دەردی دڵی خۆی بۆ خەڵكەكەی دەور وپشتی دەرنەئەبڕی، هەر بە ئاخ و ئوف و هوویە بائەدا). (س.ب. مارف بەرزنجی ،ل١٥٣)

لە وەسفی چاپەزی تەكیە وا وەسفی كەسەكان ناو تەكیە دەكات ((خەلیفە پڕ جینەو ورگنە نەوسنەكان سەریان هاتبووە ژان و سەرو چاویان گرژ بوو بوو بۆ چای سەنگین)). (س.ب. مارف بەرزنجی ،ل١٥٤)

((حەمەی مەیتەر، چەناگە كوستەكەی باداو دەمە رەقەكەی وەك قاچی دایە یەكا و سەرە گێژوگوڵەنگ دارەكەی بۆ لەراندەوە)) (س.ب. مارف بەرزنجی ،ل١٥٥).

((كوێخای میوان كە سەرو تە پڵەیەكی دامەزراوەوو ریشێكی لە مەكینە دراوی پێوە بوو لە پەریزی گەنمی تازە درەوكراوی ئەكرد. دەستێكی برد بۆ دەسەسڕە سوورەكەی ملی و هاوردییەوە بە سەرو كوشتەكی خە نجەرە مشتوماهییەكەیاو چاوو برۆو پەیوەستەكانی لەسەرخۆ هەڵبڕی و بەشەرمی حزوورەوە كارامەیی خۆی نواند.)) (س.ب. مارف بەرزنجی ،ل١٥٥). وەسفەكان لایەنی خراپەی كەسەكانە .

لە چیرۆكی (شەتڵ) دا مامۆستا، كە پاڵەوانی چیرۆكەكەیە وەسفی ڕێگاو بان و دیمەنەكانیان بۆ بەرجەستە دەكات ((ڕێگا قیرتاو كراوەكە تا چاو هەتەر ئەكا درێژو باریك ئەبووەوە. لە پێش ئۆتۆمبیلەكە، وەك ڕەشمار كشابوو، هەوا گەرم و قرچەی هاوینی گەرمیان و سەردەمی خەرمان، ئەم لاو ئەو لای ڕێگاكەمان قایمەو پەرێزی گەنم و جۆ، كۆمەڵ كۆمەڵ سەپان و كۆڵ كێشان بە فەرەنجی سپییەكان گلاوە قووچەكانیانەوە، دەس بە داسەوە شان وباڵیان ئەوەشان و كێشەی قرچەیان ئەكرد، پۆل پۆل ڕەوی كور كور هەڵفرین وئەنیشتنەوە لە بەر زۆری ناو بە ناو سێبەرێكی تەنكیان ئەخستە سەر زەوی)) (س.ب. مارف بەرزنجی ،ل١٦٣). هەروەها وەسفی ناوچەوانی ئاغا دەكات وەسفی قوتابخانەی دەكات .

لە چیرۆكی ( جەژنێكی شادی) دا چیرۆكگێڕەوە كە شوێنی كەسەكان گرتووەو، لە دەرەوە هاتووەتە ناوەوەو جۆری هەمان شتزانە لە زیندانەدا. .كرێكارێك دەبینی وا وەسفی گشتی و تایبەتی دەكات ((كرێكارێكی كەیان سەرنجی راكێشا بووم. پیرێكی بە ساڵاكەتووی شڕۆڵ ڕوومەتی لە تۆپێكی فشەوە بووی ئەكردو دەم و دانی كەلاوەیەكی وێرانی ئەهێنامەوە یاد. دەماری لاقەكانی رەقی ببوون. زۆرتر لە لاقی دەستكردیان ئەكرد. لە هەنگاو هەڵهێنانا كە تەكانی بە خۆی ئەدا تا خێراتر بڕوا رەوی قەلە باچكەی ئەهێنامە پێش چاو. پووزەكانی گرێ گرێ وەستا بوون ، دیار بوو ئاوی قاچی داهاتبوو پێیەكانی زل و پان و لە تایەی پە نجەر بووی ئۆتۆمبیلی ئەكرد)) (س.ب. مارف بەرزنجی ،ل١٧٠).

دووەم/ گفتوگۆ:-

یەكێكی تر لە لەشێوازەكانی گێڕانەوە كە لە بینای تێكستی چیرۆكدا ئەركی گرنگ و بەرچاو دەگێڕێت لە دەربڕینی بیرو ڕاو هەڵوێستی كەسەكە، چونكە جگە لەوەی، كە وا لە كەسانی ناو چیرۆك لە ڕێگای گێڕانەوەوە گوزارشت لە خۆیان بكەن و بیرو ڕاو هەست و نەستەكانیان دەردەبڕن و كەسێتی یان ئاشكرا بكەن، هەروەها ئەو گفتوگۆیانە لە بینای كەسێتی ئەو كەسانەدا ئەركێكی گرنگ دەگێڕن، چونكە ((دەبێتە یەكێك لە گرنگترین ئەو هۆیانەی نووسەر پەنایان بۆ دەبات بۆ كێشانی وێنەی كەسەكان)) [60]، بۆیە گفتوگۆ بە واتای قسەی نێوان دوو كەس یان زیاتر دەگەیەنێ، واتە بە مانای دایەلۆگ هاتبێ ئەوا ئەم مانا سادەولاسایی یە گۆڕانی بە سەردا هات لە ژێر كارتێكردنی جۆرو شێوازەكانی گێڕانەوەداو جۆرێكی دی لە گفتوگۆكدا بوو كە تەنانەت یەك كەسیش بە تەنیا تواناى سازدانی هەبوو، ئەویش مۆنولۆكە (Manologue). مۆنۆلۆگیش ((ئەو هونەرەیە كە بە مەبەستی پێشكەش كردنی دیوی ناوەوەی كەسەكان بەكار دەهێنرێت)) [61].

گفتوگۆ دەكرێتە دوو بەشەوە كە بریتین لە :

أ- دایەلۆگ

ب-مۆنۆلۆگ (خۆدواندن).

أ- دایەلۆگ

دایەلۆگ تەکنیکێکە لەو تەکنیکە گرنگانەی گێڕانەوە، کە چیرۆکنووس پەنای بۆ دەبات بۆ گەیاندنی بیرۆکەو زانیارییەکانی تایبەت بە دەقەکە، بە هۆی ئەویشەوە بەشێك لەو مەعریفەیەی ناو دەقەکە بە ڕێگەیەك لەو ڕێگانەی گێڕانەوە بۆ خوێنەر دەگوازێتەوە. لەگەڵ دروستبوونی مرۆڤیش دایەلۆگیش دروستبووە، بۆیە بۆتە هونەرێکی گرنگ، کە لە ڕێگایەوە بیرو هۆشی کارەکتەرو بینینە جیاوازەکانی دەخرێتەڕوو، هەروەها ((بە گرنگترین سەرچاوەی خۆش بەخشین و زیندوویەتی دادەنرێ بۆ چیرۆك)) [٦٢].

دایەلۆگ زیاتر لەو جۆرە چیرۆکانەدا دەردەکەوێت کە فرە گێڕەرەوەیە کە تێدا چەند کەسایەتییەك بیرو ڕای جیاواز سەبارەت بەو ڕووداوەی کە دەیگێڕێتەوە دەردەبڕن. واتە ((دایەلۆگ شێوەیەکە لە شێوەکانی گوزارشتکردن کە کەسێتیەکان پێی دەدوێن و گفتوگۆکانیان نزیك دەکاتەوە کە بابەتگەری و ڕوونی و ڕاشکاوی ئەویش ئەو فۆرمەیە کە قسەکردن پشتی پێدەبەستێ بە ڕێگەیەك، کە جێی بزواندنی بایەخی دەبێت، کە ئەویش پابەندە بە هاوسەنگی و ڕێکخستنەوە لە ڕووی ئاوازو ڕێکوپێکی شێوازەکەیەوە)) [٦٣]، هەروەها وەك بنەمایەك لە بنەما هونەرییەکانی چیرۆکنووسین بە زۆری لە کورتە چیرۆك دا بەکاردێت و لە کورتیلە چیرۆکدا بە شێوەیەکی کەمتر پەنای بۆ دەبرێت، چونکە ڕووبەری کورتیلە چیرۆك تەسکترەو کێشی گفتوگۆی درێژخایەنی نییە، لە بەر پشووە کورتەکەی گفتوگۆ بۆ کورتکردنەوەی کات بە کاردێت و یاریدەی نووسەر دەدات، کە لە وەسف و گێڕانەوەی زۆر ڕزگاری بێت بۆ نموونە ((ئەگەر چیرۆکنووسێك لە بارەی یاری کردنی دوو تیپەوە کورتیلە چیرۆکێك بنووسێت، ناتوانێت هەتا ئەو دوو کاتژمێرە تەواو دەبێت لە گێڕانەوەدا بەردەوام بێت، بۆیە لێرەدا گفتوگۆ خێراییەك دروست دەکات بۆ خوێنەری کورتیلە چیرۆك چێژدارە، بەڵام ڕەنگە زۆر لایەنیش پشتگوێ بخات، چونکە ناتوانێت بە وەسف و گێڕانەوەی دوورو درێژ باسیان لێوە بکات. کەواتە دایەلۆگ لەم ژانرەدا، لە باشی و لاوازیی بێبەش نییە)) [٦٤].

دایەلۆگ، وەك تەکنیکێکی گێڕانەوە تایبە تمەندێتی و بایەخ و گرنگی خۆی هەیە، بە هۆی ئەو ((ئەرکە دراماییەوە ئەو توانایەی کە هەیەتی لە شکاندنی وشك و برینگی قسەکردن بە جێناوی نادیار کە ماوەیەکی باش دەستی بە سەر شێوازی نووسیندا گرتبوو)) [٦٥]. هەروەها ((دایەلۆگ نابێت وێنەیەك بێت لە گفتوگۆی ڕۆژانە، بەڵکو بە پێی سیستەمێك دائەڕێژرێ، پێویستە لەسەر نووسەریش کە گوێ بە کات بدات لە دایەلۆگەکەیدا بە دەربڕینە فۆرمالیستێکەیدا لە گفتوگۆ گۆڕینەوەدا ئەبێ ئەو وشەیە هەڵبژێرێ کە ناکرێت بە وشەیەکی تر بگۆڕێت)) [٦٦].

دایەلۆگ لەسەر ڕێبازێك گەشە دەکات، دەبێ هەموو دێڕەکانی دایەلۆگەکە بە تەواوی شوێن پێی گرنگی کەسایەتییەکانیان پێوە دیار بێ لە هەموو ڕوویێکەوە بە تایبەتی لە ڕووی زمانەوە، لەبەر ئەوەی (( زمانی گێڕانەوەی خودی زمانی نووسەرە، کە چی زمانی دایەلوگ زمانی کارەکتەرەکانە)) [٦٧].

ب- مۆنۆلۆگ :

تەکنیکێکی ترە لە تەکنیکەکانی گێڕانەوەو ئامرازێکە لە ئامرازەکانی بەر دەستی چیرۆکنووس بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان کە بە زۆری لە چیرۆکی نوێدا بە کاردێت ((هەروەها ئەو ئاخاوتنەیە، کە لە نێوان کەسێتی و خۆیدا ڕوودەدات، چ ئەو بیرانەی کە بە زەینی کەسێتیدا ڕەتدەبن دەگێڕدرێنەوە یان هەر جۆرە بیرکردنەوەو ڕووداوێکی تر کە زەینی کەسەکە دروستیدەکات)) [٦٨]

مۆنۆلۆگ، وەك ڕەگەزێکی گرنگی گێڕانەوە ئەرکی گەیاندنی زانیارییە بە هەمان شێوەی دایەلۆگ، بەڵام کاتێك چیرۆکنووس پەنای بۆ دەبات دایەلۆگ بە شێوەیەکی باش نەتوانێت ئەرکەکەی خۆی لە ناو دەقەکەدا جێبەجێ بکات و زانیاری تەواو بە خوێنەران بگەیەنێت، بۆیە مۆنۆلۆگ جێی دایەلۆگ دەگرێتەوەو لە دایك دەبێت(( مۆنۆلۆگ لەو کاتەدا لە دایك دەبێت کە دایەلۆگ نەتوانێت گوزارشت لە زمان و باری دەروونی ناخە پەنگ خواردووەکەی کارەکتەرو نووسەرەکە بکات)) [٦٩].

چیرۆکنووس بە هۆی مۆنۆلۆگەوە دەتوانێت ڕابردووو ئێستاو داهاتووش ئاوێتەی یەکتر بکات. بەمەش بە زۆری لە ڕێگەی تەداعی بیرو شەپۆلیٚ هۆش بە ئەنجام دەگەیەنرێت، تەداعی بیر (( جۆرێکی مۆنۆلۆگی ناوەوەیە، بەوەی پشت بە یادو بیرەوەری و زانیارییەکانی زەین (الذهن) دەبەستێت.... بیژەی تەداعی، کاتێك بە کار دەهێنرێت کە باس لە پەیوەندی واتایەك بە واتایەکی ترەوە دەکرێت، یان کاتێك واتایەکی تر بیهورژێنێت کە پێشتر لە تاقیکردنەوەکانی تردا گە نجینە کراوەو پێوەستە بەم واتایەوە)) [٧٠].

هەر بۆیە لە کتێبی (شەپۆلی هۆش لە ڕۆمانی نوێدا) (ڕۆبرت همفری) پێناسەی مۆنۆلۆگ دەکات و دەڵێت:

(( ئەو جۆرە تەکنیکەیە کە بە مەبەستی پێشاندانی باری دەروونی کارەکتەرو کرداره سایکۆلۆژییەکانی بە کار دێت، بەبیٚ قسەکردنی کەم یا زۆر، لە چرکەیەکدا کە لە چەند ئاستێکی جیاوازی هۆشدان، پێش ئەوەی وەك دەربڕین پێبگەن و بتوانرێت بە مەبەست بە شێوەی وشەو ڕستە گوزارشتیان لێبکرێت)) [٧١]. ئەو کردارانەی لە دەروونیدا هەیە بەر لەوەی دەربپڕێت لە ناخی خۆیدا هەڵوەستەی لە سەر بکات هەروەها ڕۆبرت همفری مۆنۆلۆگ بە سەردوو جۆر دابەشدەکات ئەوانیش بریتیین لە :-

١- مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ.

٢- مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ.

دیارە، لە چیرۆکەکاندا سێ جۆری مۆنۆلۆگی ناوەوە دەبینرێت:

١- مۆنۆلۆگی ناوەوەی ڕاستەوخۆ.

٢- مۆنۆلۆگی ناوەوەی ناڕاستەوخۆ.

٣- شە پۆلی هۆش( تیار الوعی ).

١- مۆنۆلۆگی ناوەوەی ڕاستەوخۆ: لەم جۆرە مۆنۆلۆگەدا کارەکتەر ڕاستەوخۆ خۆی دەدوێنێ بە بێ بەشداری کردنی نووسەرو نەبوونی هیچ گوێگرێك ( خوێنەرێك ) و گێڕەوەیەکیش.

هەر وەك رۆبرت همفری یش دەڵێت (( ئەو جۆرە مۆنۆلۆگەیە بایەخ بە بوونی نووسەر نادات، وایش دادەنێ هیچ گوێگرێك لە ئارادا نییە ))[٧٢].

هەروەها لەم جۆرە مۆنۆلۆگەدا جێناوی کەسی یەکەمی تاکی ( من ) ی قسەکەر بە کاردەهێنێت، خاڵێکی تر ئەوەیە کارەکتەر لەم جۆرە مۆنۆلۆگەدا زۆر بەڕاستگۆیانە بە بێ دەسکاری و دوور لە پابەندبوون بە ڕێزمان و خاڵبەندی دەربڕینەکانی دەردەبڕێت. هەروەها (( هۆش لە مۆنۆلۆگدا لە حاڵەتی هەڵچووندایەو هزرێك بە هزرێکی دیکە دەبچڕێ و نووسەریش هیچ ڕۆڵی نییەو تەعلیق لە مۆنۆلۆگ نادات ))[٧٣].

٢- مۆنۆلۆگی ناوەوەی ناڕاستەوخۆ: جۆرێك قسە لەگەڵ خۆکردنە کە گێڕەرەوە بە دەستەواژەی (( لە دڵەوە گوتی لەبەر خۆیەوە ... بە خۆی گوت.. (( لێرەشدا مەرج نییە کە گوێگر هەبێت ))[٧٤]. هەروەها گێڕەرەوەی (( هەموو شتزان پێشکەشی دەکات و پێشتر قسەی تێدا نەکراوە بە شێوەیەکی وایە هەست دەکرێت لە هۆشی کارەکتەرەوە هەڵدەقوڵێ، جگە لەمە ڕێنیشاندەری خوێنەرە لە ڕێی ڕوونکردنەوەو سەرنج و تێبینی )) [٧٥]. لەم جۆرە مۆنۆلۆگەدا لە بری جێناوی کەسی یەکەمی تاکی ( من ) جێناوی کەسی دووەم و سێیەمی تاکی ( تۆ، ئەو ) ی تێدا بە کار دەهێنرێت، جۆری ئەم دوو جێناوەش پەیوەندی بە گۆشەنیگای کەسایەتییەکەوە هەیە. مەنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ ئاماژە ( ئیحا ) بە خوێنەر دەدا (( کە خۆیشی و نووسەریش لە کایەدان. جگە لە وەسفکردن و هۆیەکانیان و هەستکردنیان بە واقیعدا بە کار دەهێنرێت ))[٧٦].

گفتوگۆ وەك شێوازێك لە شێوازەکانی گێڕانەوە، کە ئەرکێکی گرنگ لە بیناى تێکستی چیرۆکدا دەگێڕێت بە شێوەیەکی گشتی لە سەرجەم چیرۆکەکانی مارف بەرزنجی دەبینرێت وەك لە سەرەتادا ئاماژەمان پێ کرد گفتوگۆ لەنێوان دوو کەس یان زیاتر دروست دەبێت. بۆ نموونە لە چیرۆکی ( ئاوازو کەباب ) دا گفتوگۆ لە نێوان فەلامورزو میرزادا دروست بووە کاتێك میرزا لە بەندیخانە دەبێت فەلامورز دەبێتە کەفیلی و پیی دەڵێت: (( ئەگەر بەڵێن ئەدەی واز لــە ڕەفتاری شــەڕاویەکـەی جارانت بێنی وا ئــەبم بە کەفیلت لە بەندیخانە ڕزگار ئەبی! میرزا چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسك، خوێنێکی گەش هاتەوە ڕومەتە زەرد هەڵگەڕاوەکەی، تەڕی کەوتە لێوی بەباری پاش کەمێ بە لێوە لەرە وەڵامی دایەوە ووتی : سوپاست ئەکەم ئەگەر پیاوبم بەسمە، پاش کاتێ کە بەجێ بەجێ کردنی نامەی کەفالەتەوە خەریك بوون ڕێگای ماڵەوەیان گرتەبەر )). ( س.ب. مارف بەرزنجی ،ل١٥٠ )

لە چیرۆکی (( گای پیرۆز )) دا کۆمەڵی وتووێژ لە نێوان شێخ و دەسوپێوەندەکانی وەك ( مەیتەر، کۆڵکە، کوێخا، حەمەی مەیسەر ،کۆڵکە مەلا ئەمانە لەگەڵ مامۆستا ) [٧٧] . دروست دەبێت

- لە چیرۆکی ( شەتڵ ) دا گفتوگۆ لە نێوان دوو ئەفەندی پاشان نووسەر ( چیرۆکگێڕەوە ) ڕوویداوە. )[٧٨].
- لە چیرۆکی ( جەژنێکی شادی ) دا گفتوگۆ لە نێوان شاکەس لە زیندان و لەگەڵ کرێکارەکانی کە ژوور لە حەوشەی زیندانەکە دەکەن. ))[٧٩].
- لە چیرۆکی( پەیکەرەکانی گاورباغی ) دا گفتوگۆ لە نێوان ( وسوو موڵلا)یە ))[٨٠].
- لە چیرۆکی ( سەر لە بەیانی نەورۆزێك ) دا گفتوگۆی نێوان ( شاکەس و کوڕەکەی پۆلا ) یە ))[٨١].

ـ مۆنۆلۆگ وجۆرەکانی لە چیرۆکەکانی شێخ مارف بەرزنجی دا

چیرۆکنووس لە چیرۆکەکانی دا لە ڕێی بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی مەنۆلۆگ بە هەموو جۆرەکانیەوە بە پێی کات و شوێن .ناوەوەو بیرکردنەوەی ناخی کەسایەتییەکانی لە هەندێ لە چیرۆکەکاندا دەست نیشانی دەکەین کە ناخی شاکەس یان کەسایەتیەکان دەردەخات .

لە چیرۆکی ( گای پیرۆز ) دا شێخ، کە ( شاکەس لە ڕێگەی مەنۆلۆگی ڕاستەوخۆوە خۆی دەدوێنی و قسەکانی لە دڵەوە دەکات (( لە دڵی خۆیا ئەی ووت: تا زووە جارێك:وەك بڵێ :تا بە تەقەڵێك ئەدووڕێتەوە نەی گەیە نمە کلافەیەك. )). ( س.ب. مارف بەرزنجی ،ل١٥٣ ) لە داخی مامۆستاو فەلاح (( ڕەنجبەرەکانی کە هاتووچۆوی مامۆستایان بە شەو دەکرد کەوتە گومان :( ئەو شەوە نەیتوانی وەك جاران بنوێ. لە ژێر لێفە

سورەکەیەوە هەر ئەم لاو ئەولای ئەکرد تا بەرەبەیان ئەوسا خەو بردیەوە.)). (س.ب. مارف بەرزنجی ،ل١٥٣) لە لایەکی ترەوە لەو تەکییەی شێخ دا مامۆستا لە قسەکانی شێخ و مەلاو دەست وپێوەندەکانی حەپەسا، بەلاَم دەدانی بە خۆیان گرت ولەسەرخۆ هەڵێسا کە ناو ئەو کۆشرو شێتە خۆی ڕزگار کرد ((بەدەم ڕێوە لەبەر خۆیەوە هەر ئەیوت گای پیرۆز.... گای پیرۆز لە هیندستانیش گا ئەپەرستن...)). (س.ب. مارف بەرزنجی ،ل١٥٩)

لە مەنۆلۆگی ناڕاستەوخۆدا، کە ئیحا بە خوێنەر یا نووسەر دەدا، کە لە کایەدان....ئەوەتا لە چیرۆکی ((شەتڵ))دا چیرۆکگێڕەوە وا ناخی شاکەس دەخاتە ڕوو (( دڵنیاش بن مندالەکانی ئاغا شوێنی باوکی خۆیان ناگرنەوە،ئەوەتە بە بەر چاوی خۆتانەوە دیوەخانەکەی ئاغا بووە بە قوتابخانەو جارێکی تر نابێتەوە بە دیوەخانەکەی جاران کە ئێوە لێی ترساون)) . (س.ب. مارف بەرزنجی ،ل١٦٤)

٣-شەپۆلی هۆش:

شێخ مارف یەکێکە لەو چیرۆکنووسانەی کە دەستەی سێیەمی چیرۆکنووسانی کورد پێکدەهێنن لە مێژووی چیرۆکی کوردیدا. یەکەم چیرۆکنووسە کە لە پاڵ تەکنیکەکانی تری گێڕانەوە ئاوڕی لە تەکنیکی شەپۆلی هۆش داوە تەوە. ئەم ((تەکنیکە لە هونەری چیرۆکنووسیندا بەوە بەناوبانگە، کە هەر چەند دیوی دەرەوەی مرۆڤ کە هەڵسوکەوت و کردارو ڕەفتاریدا ناخاتە پشتگوێ، بەلاَم زیاتر بایەخ بە دیوی ناوەوەی دەداو شۆڕ دەبێتەوە بۆ ناخی و جڵەوی بۆ شل دەکا، کە بێ سڵکردنەوە، لە هەست و نەست و ئاوات و نیازو ڕازی خۆی بدوێ، کە مرۆڤ ئەم بابەتە شتانە لە دەرەوەی خۆی دەشارێتەوەو لە ناخی خۆیدا حەشاریان دەدا، یان قابیلی بە دیهێنان نین))[82].

هەروەها لەم تەکنیکەدا ((تەنیا یەك کەسایەتی بە درێژایی بێ وەستان دەدوێ))[83]. بۆیە شێخ مارف بەرزنجی لە هەندێ لە چیرۆکەکانی مۆنۆلۆگی ناوەوەی وەك شەپۆلی هۆش بەکارهێناوە وەك لە چیرۆکی (نامەی سەر سنوور) دا دەردەکەوێت،کە چیرۆکگێڕەوە لە گێڕانەوەدا بیرەکانی بە سەر یەکدا تێکەڵ دەکات لە کاتێکدا نووسەر، یان چیرۆکگێڕەوە ((دڵی لای لاوە خوێن گەرمەکانە، کە هەموو چەند هەفتەیەك بوو دەستیاندا بووە تفەنگ و هێشتا چاویان باش نەکراوەتەوە لە شەڕی ناوشاخ و دارستان و لە فروفێڵی یاخییەکان شارەزانین)). (س.ب. مارف بەرزنجی ،ل١٧٢) بیرەکان بۆ لای چەند کەسێکی تر دەڕوات و لە دڵی خوێدا بە چاوی چیرۆکگێڕەوە شاکەس دەبێنێ و کەسێکی دیاری کراوە دەڵێت ((بیرم لە نەوزاد ئەکردەوە کە لە سەرەتای مەشقی چەکدایە یەکەم جاربوو تفەنگی ئەگرت بە دەستەوە (فەرهادم) هاتەوە یاد لە ناو ریزی لاوەکانی هێزی بەرگری میللیدا وەستابوو سەری نە دەگەیشتە شانی.هاوڕێکانی نازانم چۆن هەڵەی ناو نووسەکانی دایەرەی ناونووسین بە فریای گەیشت کە بە هەژدە ساڵی نووسیوە)). (س.ب. مارف بەرزنجی ،ل١٧٣)

هەر لە هەمان چیرۆکدا جارێکی تر بیرەکان بە لێشاو دێن و تێکەڵ بە یەك دەبن (( جمهوریەتی کوردو عەرەب ...تا...دوا...تن...ۆك....بەخ...ت...کور..د...عە...ڕە...ب .. ئەبێ خوشکە سۆفیەتی یەکا نمان بەهاری کوردستانیان لا چۆن بێ؟ بە هەمەڕەنگ دڵشادن)). (س.ب. مارف بەرزنجی ،ل١٧٤)

هەروەها لە چیرۆکی ((پەیکەری گاوڕباغی))دا تەکنیکی شەپۆلی هۆش دەر دەکەوێت کە بیرەکان تێکەڵ دەبن، پاش ئەوەی چیرۆکگێڕەوە توانای (موڵلا) دەخاتە ڕوو بە هۆی هاتووچووکردنی ڕێگای تسعین و بازارو دەست کورتی و دوورکەوتنەوە بۆ ڕۆژانی ڕابردوو، بۆیە لە پڕ بیرەکە پچڕ پچڕ دەبێ و بابەتێکی تری تێکەڵ دەکات و کەسیش ئامادە نییە ((ئەمشەو خوا بە خێری بگێڕی حاجی بەکر جەنابتم دی لە ناو گومەزی مزگەوتدا باڵت گرتووەتەوە بەرەو ئاسمان ئەفریت، ماشائەڵلا.... ماشائەڵلا... سەڵەوات لە پێغەمبەر، ئینشائەڵلا پایەیەکی بەرزت پێ بەخشراوە، جا مەولوودیکی پێغەمبەر بفەرموون بۆ ئەم جومعەیە)). (س.ب. مارف بەرزنجی ،ل١٨٠) .

شێخ مارف بەرزنجی لە چیرۆکی (سەر لە بەیانی نەورۆزیك) شەپۆلی هۆش بە کارهێناوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەستەکان دەردەبڕێ( ئەوسا ئازاد ئێستە گێرۆدەی سەدداوە ئەوسا کارەباو موبیلە ورادیۆ و ئۆتۆمبیل وئاوی بۆری، قاسپەی کەوەکان ئێستا لوولە تفەنگ و دەسرێژی شەستیرو کەلە پچەو بگرە وپەردەی پۆلیس وزیندان، ئەوسا تافی لاوی وجوانی،ئێستا دەمی پیری کە هەر ساتە خەفەتێك و هەر ڕۆژە دەردێك من لەم دەریا بێ پایانەی ولێکدانەوەدا بووم)) (س.ب. مارف بەرزنجی ،ل١٩٣)

پەراوێزەکان:

١. حسەین عارف، چیرۆکی هونەری کوردی( ١٩٢٥-١٩٦٠)، چاپخانەی ئاراس،چاپی یەکەم،هەولێر،٢٠١١،ل ١٣ .

٢. د.شوکریە ڕەسول ، تەکنیکی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی شێخ مارف بەرزنجیدا ، ل١٠

٣. **سامان مارف بەرزنجی ـ عومەر مەعروف بەرزنجی ، سەرجەم بەرهەمەکانی مارف بەرزنجی ،ل٥٦**

٤. **سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٧**

٥. **عبدالرزاق بیمار ، پەخشانی کوردی** ، دار الحرية للطباعة،**بغداد، ١٩٩٨، ل٢٦١** .

٦. مجدي وهبة ،معجم مصطلحات الادب ،مكتبة لبنان،١٩٧٤، ص٣٤١ .

٧. واين بوث ، نظرية السرد من وجهة النظر الى التبئير ، ترجمة:ناجي مصطفى ، منشورات الحوار الاكاديمي والجامعي-الدار الخطابي،طبعة الاول،الدار البيضاء،١٩٨٩،ص١٠ .

٨. **جەلالئەنوەر سەعید،تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە )ی (بەختیار عەلی ) دا،نامەی ماجستێر،کۆلێژی پەروەردەی (ئیبن ڕوشد )،زانکۆی بەغداد، ٢٠٠٦،ل٦ .**

٩. **هەژار ، فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە ، فەرهەنگی کوردی – فارسی ، چاپی پێنج ، تەهران، ١٣٨٥هەتاوی،ل٧٤١**

١٠. ارستو تالس ، فن الشعر تحقيق و شرح ، د.شكري محمد عياد ، دار الكتاب العرب ، ١٩٦٧، ص٤٨ .

١١. بيرنار شاليط ،النص الروائي (تقنيات ومناهج) ترجمة رشيد بنحدو،١٩٩٩ ص١٩

١٢. رولان بورنوف و ريال اوئيلية،عالم رواية، ترجمة :نهاد الاتكرلي ،مراجعة :فواد التكرلي و محسن الموسوي ، دار الشؤون الثقافية العامة ، بغداد،١٩٩١،ص٢٣ .

١٣. **د.بەری ساڵح موفتی،گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل،چاپخانەی حاجی هاشم هەولێر،٢٠١٢،ل١١.**

١٤. د.حميد الحمداني،بنية النص السردي من منظور النقد الادبي،مركزالثقافي العربي، بيروت، طبعة ٢، ١٩٩٣،ل٤٦.

١٥. د. عبد الملك مرتاض، الف ليلة وليلة، تحليل سينمائي تفكيكي لحكاية حمال بغداد، دار الشؤون الثقافي العامة، بغداد، ١٩٨٩،ص٨٤.

١٦. رولان بارت، ، مدخل الى التحليل البنيوي للقصص، ترجمة منذر عياش،طبعة ا، ١٩٩٣ ص١٢.

١٧. فادية مروان احمد الونسة ، السرد عند الجاحظ ، اطروحة دكتورا ، كلية الاداب ،جامعة الموصل،٢٠٠٤،ص٢

١٨. رومان ياكوبسن، قضايا الشعرية ،ترجمة:محمد الولي ومبارك حنون، دار تويقال،طبعة ١،الدار البيضاء،المغرب،١٩٨٨،ص٣٣.

١٩. يوسف ابو العدوس، الاسلوبية رؤيا وتطبيق، طبعة ١، ،دار المسيرة لبنان، ٢٠٠٧، ص٤١.

٢٠. امنة يوسف، تقنيات السرد في النظرية والتطبيق، دار الحوار للنشر، اللاذقية،طبعة ١، ١٩٩٧،ص٢٩.

٢١. عبدالله ابراهيم،البناء الفني في رواية الحرب العربية في العراق(دراسة لنظم السرد و البناء في الرواية العراقية المعاصرة) دار الشؤون الثقافية العامة، طبعة الاولى،بغداد،١٩٨٨ ،ص١٨٥.

٢٢. خالد سهر محي الساعدي، البناء الفني في رواية التاريخية العربية ،ص٣٢.

٢٣. د.صلاح فضل الله،اساليب السرد في الرواية العربية،دار المدى للثقافة والنشر ،دمشق،طبعة الاول،٢٠٠٣،ص٢١.

٢٤. حسن بحراوي، بنية الشكل الروائي، المركز الثقافي العربي، بيروت،ط الاولى ،١٩٩٠،ص٢٣٣.

٢٥. **د. پەری ساڵح موفتی، گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی(ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل )،هەولێر،٢٠١٢،ل١٦.**

٢٦. فادية مروان احمد الونسة،السرد عند الجاحظ، ص١٥٨.

٢٧. **پەرێز سابیر، بینایی هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی جەنگی دووەمی جیهان،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠١١ ،ل٢١٧-٢١٨.**

٢٨. يمنى العيد، تقنيات السرد الروائي في الضوء المنهج البنيوي، بيروت،١٩٩٠ ،ص٩١.

٢٩. د.موريس ابو نافل،السنة والنقد الادبي في النظرية والممارسة، بيروت ،١٩٧٩، ص١١٨.

٣٠. **پەرێز سابیر،بینای هونەری چیرۆکی کوردی،ل٢٢٣.**

٣١. رؤوف عثمان معروف، محي الدين زنكنة روائيا، أطروحة دكتوراه،كلية الاداب، جامعة المستنصرية، بغداد،٢٠٠٧،ص٣٦.

٣٢. عبدالله ابراهيم ، البناء الفني في لرواية الحرب العربية في العراق، ص١٩٥.

٣٣. اوستن وارين ورينية ويليك، نظرية الادب ، ترجمة: محي الدين صبحي ، مراجعة: د.حسام الخطيب ، مطبعة الطرابيشي ، ١٩٧٢، ص٢٨٩.

٣٤. **سەرجەم بەرهەمەکانی مارف بەرزنجی ، ل ١٦٨**

**٣٥. سەرچاوە پێشوو ،ل١٧٠**

**٣٦. سەرجەم بەرهەمەکانی، شەتڵ ،ل ١٦٠**

**٣٧. سەرجەم بەرهەمەکان، چیرۆکی شەتڵ، ل١٦٧**

**٣٨. سەرجەم بەرهەمەکان، چیرۆکی شەتڵ ،ل١٦٦-١٦٧**

**٣٩. سەرجەم بەرهەمەکان- نامەی سەر سنوور، ل١٧٣ .**

**٤٠. سەرچاوەی پێشوو،ل١٧٤**

٤١-يمني العيد، تقنيات السرد الروائي في ضوء المنهج البنيوي،لبنان ،١٩٩١ص٨٠ .

٤٢-عبدالله ابراهيم ، البناء الفني في رواية الحرب العربية في العراق،ص١٨

٤٣-فاضل ثامر،صوت الاخر(الجوهرالحواري للخطاب الروائي)،دارالشؤون الثقافيةالعامة، بغداد، طبعة ١ ، ١٩٩٢، ص١٨٣.

٤٤-عبدالله ابراهيم ،البناء الفني في الرواية العربية في العراق، ص١٨

٤٥-د.سيزا قاسم ، بناء الرواية دراسات مقارنة فى ثلاثية نجيب محفوظ،دار التنوير للنشر،بيروت ،١٩٨٥، ص١٩٤.

**٤٦- پەرێز سابیر، بینای هونەری چیرۆکی کوردی،ل٢٤٦ .**

٤٧-د. عدنان خالد عبدالله، النقد التطبيقي التحليلي،دار الشؤون الثقافية العامة ،بغداد ،١٩٨٦ ،ص٦٠ .

**٤٨-سەرجەم بەرهەمەکان. ،چیرۆکی ( سەر لە بەیانی نەورۆزێك ، ل١٩٠**

**٤٩-سەرجەم بەرهەمەکان. چیرۆکی ( شەتڵ ) ل١٦٦**

**٥٠-سەرجەم بەرهەمەکان. چیرۆکی ( شەتڵ ) ل١٦٧**

**٥١- پەرێز سابیر ، بینای هونەری، ل٢٥٧.**

٥٢-خالد سهر محي الدين الساعدي ،البناء الفني في الرواية التأريخية العربية(١٨٧٠-١٩٣٢)دراسة فنية مقارنة،رسالة ماجستير،كلية الاداب،جامعةبغداد،١٩٨٩، ص٩١.

٥٣-مدي وهبة وكامل المهندس، معجم المصطلحات الادبية في اللغة والادب، مكتبة لبنان، بيروت، ١٩٧٩ ،ص٢٣٨.

٥٤-د.مصطفى ساجد الراوي،الروائي وموقعه داخل الرواية،مجلة،الموقف الادبي،دمشق،العدد:٣٨٠، ٢٠٠٢،ص٤٧

٥٥-امنة يوسف، تقنيات السرد ،ص ٩٣.

٥٦-د.سيزا قاسم، بناء الرواية ،ص١٧٠ .

٥٧-د.عبدالله ابراهيم ، البناء الفني لرواية الحرب في العراق ،ص١٨٠ .

**٥٨-سەرچاوەی پێشوو،ل١٨٠**

٥٩عبدالرحمن فيض ، محمد عبد القواسمة ، البنية الروائية في رواية الاخدود (مدن الملح) ، دار الينابيع للنشرو التوزيع ، عمان، ١٩٩٨،ص١٠٢ .

٦٠-د. محمد يوسف نجم ، فن القصة،دار الثقافة للطباعة والنشر،١٩٥٥، ص١١٨ .

٦١-روبرت همفري ، تيار الوعي في الرواية الحديثة ، ترجمة د. محمود الربيعي ، طبعة ٢ ،دار المعارف ، مصر ،١٩٧٥ ،ص٤٤ .

٦٢-عبد الفتاح عثمان ، بناء الرواية ،مكتبة الشباب،مصر،١٩٨٢، ص٣٧٣.

**٦٣-ئەحلام مەنسور، بینای هونەری لە چیرۆکی کوردی، ١٩٧٠-١٩٨٠، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی ،١٩٩٩، ل٨٢ .**

٦٤-ترنتويل ميسون وايت، فن كتابة الاقصوصة، ترجمة كاظم سعد الدين ،١٩٧٨، ص٥٣ .

٦٥-حسن بحراوي، بنية الشكل الروائي ،ص١٦٦ .

**٦٦-ئەحلام مەنسور ، بینای هونەری لە کورتە چیرۆکی کوردیدا ١٩٧٠-١٩٨٠ ، ،ل ٨٣ .**

**٦٧-نەجم خالید نەجمەدین، تەکنیکی دایەلۆگ لە هەندێ نموونەی هاوچەرخی کورتە چیرۆکی کوردیدا ، گۆڤاری ( زانکۆ ) ،ژمارە ( ٢٤ ) ،٢٠٠٥، ل٢٨٥ .**

٦٨- ئازاد محەمەد سەعید، کورتیلە چیرۆکی کوردی (١٩٧٠-١٩٧٩) چاپی یەکەم، ٢٠١٣، هەولێر، ل٢١٧ .

٦٩- پەروین عەبدوڵلا، ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیرکی کوردیدا، دەزگای چاپ وبەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٨١

٧٠- ئیبراهیم قادر محەمەد، لێکۆڵینەوە لە کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشوور ١٩٧٠-١٩٨٠، نامەی دکتوراە زانکوی سەلاحەدین، ١٩٩٧، ل٢٠٠ .

٧١- ئەردەڵان شوکر سابیر، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕوومانە شیعرەکانی (شێرکۆ بێکەس)دا، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١١٨

٧٢- روبرت همفری، تیار الوعی، ص٤٤ .

٧٣- سەرچاوەی پێشوو، ص٤١ .

٧٤- محمود فلکی، روایت دایتان، تیوری های پایەریی داستان نویس، چاپی الاول، تهران، نشرباز تاب نگار، ١٣٨٢، ص٤٣.

٧٥- روبرت همفری، تیار الوعی، ص٤٩ .

٧٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩ .

٧٧- بڕوانە، سەرجەم بەرهەمەکان، ل١٥٢ تا ل١٥٩ .

٧٨- بڕوانە، سەرجەم بەرهەمەکان، ل١٦٠ تا ل١٦٧ .

٧٩- بڕوانە، سەرجەم بەرهەمەکان، ل١٦١ تا ل١٧٢ .

٨٠- بڕوانە، سەرجەم بەرهەمەکان، ل١٧٩ تا ل١٨٧ .

٨١- بڕوانە، سەرجەم بەرهەمەکان، ل١٨٨ تا ل١٩٤ .

٨٢- حسێن عارف، نووسینەکانم لە بواری ڕەخنە ولێکۆڵینەوەدا، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس، چاپ ١٠-هەولێر، ٢٠١١. ل١٤٥ .

٨٣- بڕوانە/ د.نعیم عطیة، (مۆنۆلۆژی ناوەوەی لە ڕۆمان نوێدا)، وەرگێران: ڕێبین اسماعیل، گۆڤاری نووسەرانی نوێ، ژمارە، ٩ی نیسانی ١٩٩٩، ل٥٥-٥٧

## ئەنجام:

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە :

١. شێخ مارف بەرزنجی وەك ڕۆشنبیرێکی کورد لە ڕێگای بەرهەمە ئەدەبییەکان و کارو چالاکییە سیاسییەکانییەوە هەوڵی داوە حزمەتی گەل و نەتەوەکەی بکات و هەر لەو پێناوەیشدا لە سێدارەدرا .

٢. لەیەك بواری ئەدەبیدا خۆی بەند نەکردووە، بەڵکو لەزۆربەی ژانرە ئەدەبییەکاندا کاریکردووە ، بەتایبەتیش لەبواری چیرۆك نووسیندا خاوەن تەکنیکێکی تایبەتی خۆی بووە .

٣. خاوەن باگراوندێکی ڕۆشنبیری بەرفراوانبووە ، چونکە زمانی بێگانەی بە باشی زانیووە.

٤. بەشێوەیەکی هونەریانە مامەڵەی لەگەڵ تەکنیکی چیرۆکدا کردووە بەتایبەتیش تەکنیکی گێڕانەوە ، جۆری گێڕانەوە ، شێوازی گێڕانەوە .

٥. لە تەکنیکی گێڕانەوەدا ، دایەلۆگ و مۆنۆلۆگ بەسەر چیرۆکەکانیدا زاڵە .

٦. لە پاڵ تەکنیکی گێڕانەوەدا ئاوڕی لە تەکنیکی شەپۆلی هۆشیش داوەتەوە .

**کورتەی باسەکە**

**ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی ( شێخ مارف بەرزنجی و چیرۆکە ) ، لە پێشەکی و دوو بەش و لیستی سەرچاوەو کورتەی باسەکە بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی پێکهاتووە .**

**بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ شێخ مارف و چیرۆکەکانی ، کە تێدا چەمکی گێڕانەوە ، ئەرك و جۆرەکانی گێڕانەوە ، لەگەڵ شێوازەکانی گێڕانەوە رونکراوەتەوە . بەشی دووەمیش تەرخانکراوە بۆ مەبەست و هۆیەکانی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی شێخ مارف بەرزنجی دا ، خۆی لەوەسف و دیالۆك و مەنەلرگدا دەبینێتەوە ، مەنەلۆگیش بریتیە لە مەنەلوگی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەگەڵ تەوژمی هۆشدا .**

**سەرچاوەکان**

**ـ کتێبە کوردیەکان :**

**١- پەروین عەبدوڵلا، ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیرکی کوردیدا، دەزگای چاپ وبەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.**

**٢- پەرێز سابیر، بینایی هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی جەنگی دووەمی جیهان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١١.**

**٣- حسەین عارف، چیرۆکی هونەری کوردی( ١٩٢٥-١٩٦٠ )، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١١.**

**٤- حسین عارف ،نووسینەکانم لە بواری رەخنە ولێکۆڵینەوەدا ،دەزگای چاپ وبلاّوکردنەوەی ئاراس، چاپ ١٠-هەولێر، ٢٠١١ .**

**٥- د.بەری سالّح موفتی،گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل،چاپخانەی حاجی هاشم هەولێر،٢٠١٢.**

**٦- د.شوکریە رەسول ، تەکنیکی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی شێخ مارف بەرزنجیدا .**

**٧- سامان مارف بەرزنجی ـ عومەر مەعروف بەرزنجی ، سەرجەم بەرهەمەکانی مارف بەرزنجی ،ل٥٦.**

**٨- هەژار ، فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە ، فەرهەنگی کوردی – فارسی ، چاپی پێنج ، تەهران، ١٣٨٥هەتاوی،ل٧٤١.**

**٩- ئازاد محەمەد سەعید، کورتیلە چیرۆکی کوردی ( ١٩٧٠-١٩٧٩ ) چاپی یەکەم، ٢٠١٣، هەولێر.**

**١٠-ئەحلام مەنسور، بینای هونەری لە چیرۆکی کوردی، ١٩٧٠-١٩٨٠، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی ،١٩٩٩.**

**١١-ئەردەلان شوکر سابیر، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕوومانە شیعرەکانی ( شێرکۆ بێکەس )دا، هەولێر ، ٢٠٠٩.**

**١٢-عبدالرزاق بیمار ، پەخشانی کوردی** ، دار الحر للطاعة ، **بغداد ، ١٩٩٨.**

**١٣-ئەحلام منصور ، بینای هونەری لە کورتە چیرۆکی کوردیدا ،١٩٧٠ – ١٩٨٠ ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، چاپخانەی تیشك ، سلێمانی ، ١٩٩٠.**

**ـ سەرچاوە عەرەبیەکان :**

١- ارسطو تالس ، فن الشعر تحقيق و شرح ، د.شكري محمد عياد ، دار الكتاب العرب ، ١٩٦٧، ص٤٨ .

٢- امنة يوسف، تقنيات السرد في النظرية والتطبيق، دار الحوار للنشر، اللاذقية،طبعة ١، ١٩٩٧.

٣- اوستن وارين ورينية ويليك، نظرية الادب ، ترجمة: محي الدين صبحي ، مراجعة: د.حسام الخطيب ، مطبعة الطرابيشي ، ١٩٧٢.

٤- بيرنار شاليط ،النص الرواي (تقنيات ومناهج) ترجمة رشيد بنحدو،١٩٩٩ ص١٩. البيضاء،المغرب،١٩٨٨.

٥- ترنتويل ميسون وايت، فن الكتابة الاقصوصة، ترجمة كاظم سعد الدين ،١٩٧٨.

٦- حسن بحراوي، بنية الشكل الروائي، المركز الثقافي العربي، بيروت،ط الاولى ،١٩٩٠.

٧- د. عبد الملك مرتاض، الف ليلة وليلة، تحليل سينمائي تفكيكي لحكاية حمال بغداد، دار الشؤون الثقافي العامة، بغداد، ١٩٨٩.

٨- د. عدنان خالد عبدالله، النقد التطبيقي التحليلي،دار الشؤون الثقافية العامة ،بغداد ،١٩٨٦ .

٩- د. محمد يوسف نجم ، من القصة،دار الثقافة للطباعة والنشر،١٩٥٥.

١٠-د.حميد الحمداني،بنية النص السردي من منظور النقد الادبي،مركزالثقافي العربى، بيروت، طبعة ٢، ١٩٩٣.

١١-د.سيزا قاسم ، بناء الرواية دراسات مقارنة فى ثلاثية نجيب محفوظ،دار التنوير للنشر،بيروت ،١٩٨٥.

١٢-د.صلاح فضل الله،اساليب السرد في الرواية العربية،دار المدى للثقافة والنشر ،دمشق،طبعة الاول،٢٠٠٣.

١٣-د.مصطفى ساجد الرواي،الروائي وموقعه داخل الرواية،مجلة،الموقف الادبي،دمشق،العدد:٣٨٠، ٢٠٠٢.

١٤-د.موريس ابو نافل،السنة والنقد الادبي في النظرية والممارسة، بيروت ،١٩٧٩.
١٥-روبرت همفري ، تيار الوعي في الرواية الحديثة ، ترجمة د. محمود الربيعي ، طبعة ٢ ،دار المعارف ، مصر ،١٩٧٥ .
١٦-رولان بارت، ، مدخل الى التحليل البنيوي للقصص، ترجمة منذر عياش،طبعة ا، ١٩٩٣ .
١٧-رولان بورنوف و ريال اوئيلية،عالم رواية، ترجمة :نهاد الاتكرلي ،مراجعة :فواد التكرلي و محسن الموسوي ، دار الشؤون الثقافية العامة ، بغداد،١٩٩١.
١٨-رومان ياكوبسن، قضايا الشعرية ،ترجمة:محمد الولي ومبارك حنون، دار تويقال، طبعة ١،الدار
١٩-عبدالرحمن فيض ، محمد عبد القواسمة ، البنية الروائية في رواية الاخدود (مدن الملح) ، دار الينابيع للنشرو التوزيع ، عمان، ١٩٩٨.
٢٠-عبدالله ابراهيم،البناء الفني في الرواية الحرب العربية في العراق(دراسة لنظم السرد و البناء في الرواية العراقية المعاصرة) دار الشؤون الثقافية العامة، طبعة الاولى،بغداد،١٩٨٨.
٢١-فادية مروان احمد الونسة ، السرد عند الجاحظ ، اطروحة دكتورا ، كلية الاداب ،جامعة الموصل،٢٠٠٤.
٢٢-فاضل ثامر،صوت الاخر(الجوهرالحواري للخطاب الروائي)، دارالشؤون الثقافيةالعامة، بغداد،طبعة١٩٩١،١.
٢٣-مجدي وهبة ،معجم مصطلحات الادب ،مكتبة لبنان،١٩٧٤، ص٣٤١ .
٢٤-مجدي وهبة وكامل المهندس، معجم المصطلحات الادبية في اللغة والادب، مكتبة لبنان، بيروت، ١٩٧٩.
٢٥-واين بوث ، نظرية السرد من وجهة النظر الى التبئير ، ترجمة:ناجي مصطفى ، منشورات الحوار الاكاديمي والجامعي-الدار الخطابي،طبعة الاول،الدار البيضاء،١٩٨٩،ص١٠ .
٢٦-يمنى العيد، تقنيات السرد الروائي في الضوء المنهج النبوي، بيروت،١٩٩٠ .
٢٧-يوسف ابو العدوس، الاسلوبية رؤيا وتطبيق، طبعة ١، ،دار المسيرة لبنان، ٢٠٠٧.

**- گۆڤار :**

**١- گۆڤاری زانکۆ ، ژماره ٢٤ ، ٢٠٠٥.**

**٢- گۆڤاری نووسەرانی نوێ ، ژماره ٩ ، ١٩٩٩.**

**- نامە ئەکادیمەیەکان :**

**- بەکوردی :**

**١- ئیبراهیم قادر محمد ، لێکۆڵینەوە لە کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشوور (١٩٧٠ – ١٩٨٠) نامەی دکتۆرا ، زانکۆی سەلاحەدین ، ١٩٩٧.**

**٢- جەلال انور سعید ، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی ئێوارە پەروانەی بەختیار عەلی دا ، نامەی ماجستێر ، کۆلێژی پەروەردەی (ئیبن روشد)، زانکۆی بغداد ، ٢٠٠٦.**

**- بەعەرەبی :**

١- رؤوف عثمان معروف، محى الدين زةنطنة روائيا ، أطروقة دكتوراه ، كلية الأداب ، جامعة المستنصرية ، بغداد ، ٢٠٠٧.
٢- خالد سهر محى الدين الساعدي، البناء الفني في الرواية التأريخية العربية (١٨٧٠ – ١٩٣٢) دراسة فنية مقارنة ، رسالة ماجستير ، كلية الأداب ، جامعة بغداد ، ١٩٨٩.

Abstract

This research paper entitled 'Sheikh Marif and story' consists of an introduction two parts list of references and the abstract in Arabic and English.
The first part is about Sheikh Marif and his stories where the concept of narration, its functions and types as well as the types of narration have been explored. The econd part deal with the
aims and reasons behind narration in Sheikh Marif's stories particularly description, dialogue and monologue. Monologue
make up both direct and indirect monologue and the tream of
consciousness.